# یادنامە

YADNAMA

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٣٨ی تەموز ٢٠٢٢ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.38.july 2022

## عێراق لە نێوان ململانێی چین و ئەمریکا و خۆپیشاندانی ملیۆنی

**یادنامە**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتوتە نێوان بەرداشی بەریەککەوتنی هێزە جیهانیەکان و هەر وڵاتەش بە جۆرێ لە جۆرەکان دابەش بون بەسەر زلهێزەکاندا ، لەم نێوەندەدا عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە چەند جەمسەرێک لەسەر سەکۆکەی ململانێ دەکەن ، بە تایبەت بەریەککەوتنەکانی نێوان چین و ئەمریکا ، دوای هەڵبژاردنەکان دەبو بە پێوەری زۆرینە هاوپەیمانیەتیە سێ قۆڵیەکەی بارزانی و حەلبوسی و سەدر زۆرترین دەستەڵاتیان هەبوایە ئەوەشی پێی دەوترێ (سازان) کۆتایی پێ بهاتایە ، کە خۆی (سازان) واتا پشکی وڵاتان لە ڕێ دریژکراوەکانیان و پاشکۆکانیان لە عێراقدا ، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکان عێراق بە کوێ گەیشت ، لەسەر ستەیجی سیاسی ئەوەی بینیمان و بەرهەمی هەڵبژاردن بو ئەوە نەبوە ببێتە ئەمری واقع ، لە پشتی پەردەوە و لە پشتی ستەیجەوە دەرکەوت کە هێزەکان بە پێی ململانێی خۆیان کار لەسەر عێراق دەکەن و دەرئەنجامی هەڵبژاردنیش هیچ بۆ خەڵکی عێراق ناکات ، ئەوەشی پێی دەڵێن سەدر و هێزی شەقام جگە لە نمایشێکی کۆمیدی هیچی تری لێناکەوێتەوە ، کفن پۆشەکان و نوێژی هەینی ناتوانێ هیچ بگۆڕێ و وە دەرکەوت هەر هێزێک لە عێراق لەسەر هێڵێک نەبێت هیچی پێ ناکرێ ، دەبیینین ئەم هاوکێشەیە لە نێوان سەدر و عامریدا ئەو ڕاستیە ڕوون دەکاتەوە ( سەدر ٧٣ کورسی عامری ١٧ کورسی ) کە هێزی عامری بۆ دەستەڵات لە سەدر گەورە ترە ، خۆ ئەگەر سەدر هێزی شەقامی لە هەمو کوتلەکان بەهێزتر بێت ، ئەوا بە خۆپیشاندانی ملیۆنی و کفنپۆشەکاندا دەرکەوت شەقام ناتوانێ شتێکی گەورە لە عێراقدا بگۆڕێت.


## پردی دەلال

پردێکی کۆن و مێژووییە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی زاخۆ، درێژی پردەکە ١١٥ مەترە، پانییەکەشی ٥ مەترە هەروەها ١٦ مەتر بەرزە، چەندین ناو بۆ ئەم پردە دانراوە و دیارترینیان (پردی دەلال، پردی مەزن، پردی عەباسی)، بۆ هەریەکێك لەم ناوانە قسەو باس و چیرۆکێك هەیە .




پایز و ڕازێکی قوڵ ... ل٢
92 ساڵ لەمەوبەر ... ل٤
هەرێمی کوردستان لەسەر هێڵی هاوبەرژەوەندی ... ل٦
دایکم ... ل٧
چەتە و شۆرش ... ل٩
لەساڵیادی کۆچکردنی هونەرمەند قادر زیرەکدا... ل١٠
جەژنانە ... ل١٣
کامەران کارگەچی ... ل١٥
بیرەوەری ... ل١٧
کێ بوون هەڵۆکانی گەرمیان ... ل١٨
هەورازی سەخترمان لەپێشە ... ل١٩
نووسین بۆ منداڵان ... ل٢١
شەماڵ صائب ... ل٢٢
داهۆڵی نێو مەزراکەی ... ل٢٣
لۆزان ... ل٢٤





# پایز و ڕازێکی قوڵ

## ڕەووف محەمەد ئالانی

## لەکتێبی( گەشتە مێژووییەکان)وەرگیراوە

پاییز، ئەو وەرزەی لای هەندێك، کەشی ماتەمەو لای هەندێکیش بەزمو سەماو ئاهەنگ، لای هەندێك بەرجەستەبوونی دیمەنی تەمو غەمو حەسرەتو لای هەندێکیش پەرشبوونەوەی ڕەنگە پەنهانو ناوازەو شاراوەکانی سروشت، لای هەندێك دووریو دابڕانو مەرگو لای هەندێکیش ژیانەوەو نوێبوونەوەو تازەکردنەوەی بەڵێنی عەشقە بۆ سروشت ....

خوێندنەوەکان لەبارەی پاییزەوە دەیانو سەدانن، بەڵام ئەو خوێندنەوانە لە هەر دیدێکەوە سەرچاوەیان گرتبێ، دواجار ئەو ڕاستییە ناشارنەوە کە پاییز هەڵگری ڕازێکی قوڵە، هەر ئەو ڕازە قوڵەش خەسڵەتگەلێکی ئاڵۆز و پەنهانی پێبەخشیوە، وایکردووە بەچاو وەرزەکانی دیکەی ساڵەوە جێگەی مشتومڕ بێو زۆرترین پانتایی لەنێو دەقە ئەدەبییەکاندا داگیر بکاو سەرچاوەی ئیلهامو غەمو هەمی شاعیرانو ئەدیبان بێ.

پاییز، زەمەنێکە تیایدا سروشت ئامادەسازی بۆ نوێبوونەوە دەکا ، درەخت بە پێچەوانەی زۆربەی بونەوەرەکانی سەر ئەم زەمینە، کە یەك جار پیردەبنو دەمرن، خۆی نوێدەکاتەوەو تەمەنی لەنوێ دەنوسێتەوە، وەرینی گەڵاکان نە هەڵهاتنەو نە یاخیبوونو نەخیانەتە، بەڵکو تەسلیمبونە بەجەبری سروشت، بەیاساو ڕێسا ئەزەلییەکانی گەردوون. سیس بوونو وەرینو مەرگ، قەدەری هەموو گەڵایەکەو وەسیلەیەکە بۆ ژانی درەختو لە دایکبوونەوەی سەدانو هەزاران گەڵای نوێ، لەم پرۆسێسەشدا درەخت ڕووتبوونەوەی سەرتاپای خۆی دەبینێو جەستەی بۆ سروشت والا ئەکا .....

هەر چوار وەرزەکەی ساڵ خەسڵەتو تایبەتمەندی بەخۆیان هەیە لە ڕووی کەشو هەواو ڕەنگو ئاوێتەبونو کورتیو درێژی شەوو ڕۆژو زۆری تر، لەوەرزی پایزدا کەشو هەوا مام ناوەندە، واتە نەساردەو نەگەرم، لەناو چوار وەرزی ساڵیشدا، پایز تایبەتمەندیو جوانی خۆی هەیەو پێی دەوترێت کۆکەرەوەی وەرزەکان .

پاییز تەمەنی لەوەرزەکانیتر درێژترە بەهۆی ئەوەی بەشێك لە بەهارو بەشێك لە وەرزی هاوین دەبات بۆ خۆی، هەرسێ مانگی (ڕەزبەرو گەلاڕێزانو سەرماوەرز ) لەخۆ دەگرێت، لەم وەرزەدا ڕۆژ کورتو شەو درێژ دەبێ .

سەبارەت بە ئافراندنو دیدگاو تێڕوانیینە جیاوازەکان کە جوانی پاییز خوڵقێنەریانە .

پاییز، بۆتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ عاشقانو شاعیرانو نوسەران، زۆر لەوانە شیعرو وتەکانیان ئاوێتە کردوە لەگەڵ کەشو تایبەتمەندییەکانی وەرزی پایز، وەرینی گەلاَکان جوانترین تابلۆی نەخشاندوە لەلایان بۆتە سەمای سروشتو تێکەڵبونی ڕەنگەکان. (ئەلبێر کامۆ) لەسەر پایز ئەڵێ : (پایز بەهاری دووەمە هەموو گەڵاکان ئەبن بە گوڵ)

هەروەها شاعیری عەرەب (نزار قەبانی) لەوەسفی وەرزی پایزدا ئەڵێ (لەنێوان وەرزی پایزو وەرزی زستاندا وەرزێك هەیە کە ناوی وەرزی گریانی دەرونەو نزیکترین کاتە بۆ ڕوانین لە ئاسمان).

لەڕووی ئەدەبەوە، شاعیرانو نوسەرانو هونەرمەندان هەریەکەو بەشێوازێکی تایبەت بەخۆی هەوڵی داوە لێکدانەوەو شیکردنەوە بۆ سروشتی پایز بکات، بەدوای شتە وردو نەبینراوەکانیو نهێنی ئەم وەرزەدا گەڕاون، لە کلاَوڕۆژنەی هۆشو بیری خۆیانەوە هەوڵیانداوە بگەن بە ڕاستیو ناسینی جوانتری ئەو وەرزە.


لەناو ئەدەبو شیعری کوردیدا، پایز زۆر بەجوانی هێما کراوەو تەنانەت هیچی لەئەدەبی جیهان کەمترنیە، زۆربەی شاعیرەکان ئاماژەیان بە پایز کردوەو کردویانە بە وێنەی جوانی شیعریی خۆیان، شاعیری ڕۆمانتیك (عەبدولاَ گۆران)

لەشیعری پایزدا بەم جۆرە ئەڵێ:

پایز پایز
بوکی پرچ زەرد
من مات ، تۆزیز
هەردوو هاودەرد
من فرمێسکم ، تۆبارانت
من هەناسەم ، تۆ بای ساردت
من خەم ، تۆ هەوری گریانت
دوایی نایە ، دادم دادت
هەرگیز، هەرگیز
پایز ،پایز
پایز ،پایز
شان و مل ڕووت
من مات ، تۆ زیز
هەردووکمان جووت
هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگریین
ئاڵتونی دار ئەڕژێ بگریین
پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگریین
بگریین بگریین ..چاومان نەسڕین
هەرگیز هەرگیز.... پایز،پایز

هەروەها شاعیر (محەمەد عومەر عوسمان ) کە بەجەنەڕاڵی پایز ناسراوە، پایزی کردوە بە هەوێنی سەرجەم شیعرەکانی، دیوانی (لەغوربەتا ) تاقانە دیوانە شیعری ئەو شاعیرەیەو زۆرترین دەنگدانەوەی هەبووە لەناو نێوەندی ئەدەبی کوردیو تەنانەت ناوچەکەشدا، (محەمەد عومەر) لەچەند کۆپلە شیعرێکیدا بەم شێوەیە وێنەی پاییز دەکێشێو هەستو هۆشی خۆی ئاوێتە ئەکا.

کەپایز داری ڕووت ئەکردەوە
حەزمەکرد پێستم بکەمە بەری
پاڵتۆ سەوزەکەم بدەم بە شانیاو
شەبقە شڕەکەم بکەمە سەری
**********



کێ بۆخەزانی عومری من دەگری ؟
کێ بەدی ئەکا گەلاّ ڕێزانی ؟
پایز فرمێسکە لەچاوی هەورا ..
کوا هەوری منوقوڵپی گریانی ؟
***********

هاوارو هاژەی چەمی ناڵینێك
ئەڕژێتە گۆمی مەنگی دڵەوە
ئارامو ئۆقرە لەگیانم ئەبڕێ
وەك گەلاّی پایز بەدەم چڵەوە
**********

پرسەیە ئەگرم بۆئەم پایزە ..
چەند خۆشە لەبەر شەستە بارانا
لەسەر ئەو گەلاّ زەردانە بمرم..
لەسای بەرامەو بۆی چنارانا
**********

حەزئەکەم پایزی عومرم..
هەوربێ لەچاوی ئاسمانا
گریانێك بێ ..بێ کۆتایی..
سەمایەك بێ لەسوتانا
*********

جگە لەبواری ئەدەب، پایز کاریگەری هەبوە بە سەر هونەرمەندانی شێوەکاریو لەجوانی ئەو وەرزەوە توانیویانە داهێنانو ئەفراندن بکەنو سروشتی جوانی پایز بکەنە هەوێنی تابلۆکانیان.
لای زۆربەی نوسەرانو شاعیران پایزو گەلاّی زەرد هێمان بۆ پیریو نەخۆشیو سیسبونو خەمو ژاکاوی، ئەمە لەکاتێکدا کە هیواو ئاوات و ئومێدی ئەو کەسانە بکەوێتە شەوە زەنگی تاریکیو هیچ هیوایەك نەبێت بۆ ئایندە، بەلاّم بۆ لێکچواندنی بیرو هزری ئەدەبیو ڕوانینو دەربڕین، نوسەر یان شاعیر وەك حاڵەتێکی جوانناسی بەکاری دەهێنێتو پایز بەزمانی ئاسایی خەڵك دەناسێنێت، نمونە وەك گەلاّی سەوز هێمای جوانی تەمەنو لاویو خۆشیە، بەلاّم کەگەلاّکان دەگەنە پایز ئەوان وانیشان ئەدەن، کە پیربوونو کاتی هاتنی مەرگی ئەو گەلاّیانەیە، بەلاّم لەڕاستیدا ئەوە خولێکی تری سروشتەو پۆشینی بەرگێکی نوێی ئەو درەختانەیە، بۆخەمو ئازارو ماتەمی پایز بەم جۆرە گۆرانی مەزن لەدێڕێکدا دەڵێت:
تەبیعەت زەردو ژاکاوە لەحاڵی گیان کەنشتایە
نیشانەی ماتەمی پایز لەفرمێسکی درشتایە
وەرزی پایز لای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتیو کۆمەڵگەی کوردەواری بەتایبەتی گرنگی زۆری هەیە، هەر لەم وەرزەدا گۆڕانێکی سروشتی بەدی دەکرێت لەڕووی ئاووهەواو خاکەوە، هاوکات مرۆڤیش لەکاروکردە هزریەکانیدا چالاکتر دەبێت.



# 92 ساڵ لەمەوبەر
# ڕۆژنامەیەکی تورکی کەرکوک بە شارێکی کوردی ناودەبات

بەکر شوانی

پێش ئەوەی باشووری کوردستان لە ساڵی 1925دا بە دەوڵەتی ئەوسا تەمەن 4 ساڵانی عێراقەوە بلکێندرێت، شاندێکی کۆمەڵەی گەلان هاتبووە کوردستان و دوای ئەنجامدانی زنجیرەیەک دیدار و لێکۆڵینەوە پێشنیازی کردبوو بە مەرجێک ئەو هەنگاوە بنرێت کە دەوڵەتی عێراق زمانی کوردی بە فەرمی بناسێت و فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی دەوڵەت لە کوردستان لە گەلی کورد بن.

5 ساڵ دواتر و لە ڕێککەوتنی نێوان عێراق و بەریتانیادا لە ساڵی 1930 دا، حکوومەتی عێراق هیچ حسابێکی بۆ کورد نەکرد و ئەمەش ناڕەزایی زۆری گەلی کوردستانی لێ کەوتەوە و ئەوەی زیاتر لەو بارەیەوە لای ئێمە ناسراوە، ڕاپەڕینی خوێناویی بەر دەروازەی سەرایە لە شاری سلێمانی کە ڕۆژی 6ی ئەیلوولی ساڵی 1930 ڕووی دا و خوێنی تێدا ڕژا و دواتر ئەو ڕۆژە لە مێژووی کورددا بە ڕۆژی شەشی ئەیلوولی ڕەش ناسرا. بەڵام ڕۆژنامەی "Vakit"ی تورکی لە شرۆڤە هەواڵێکی ژمارەی ڕۆژی 15ی ئابی ساڵی 1930دا، واتە 21 ڕۆژ بەر لە خۆپیشاندانەکەی بەر دەرکی سەرا، پێمان دەڵێت خۆپێشاندان دژ بە ڕێککەوتنی عێراق و بەریتانیا سەرانسەری کوردستانی گرتووەتەوە بە کەرکوکیشەوە کە ڕۆژنامەکە لە ڕیزی شارە کوردییەکاندا ناوی هێناوە.

من تەواوی وتارەکەی ڕۆژنامەی "Vakit"م وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لای خوارەوە دامناوە. پەرەگرافی یەکەمی وتارەکە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا بڵاو کراوەتەوە و پاشماوەکەی لە لاپەڕەی چوارەمدایە، وەک ئەوەی لە وێنەکەدا خستوومەتە لاکێشەی سوورەوە. بە دوای ئەوەدا کورتە نووسینێک هەیە دەربارەی کەسایەتییەکی کورد بە ناوی محەمەد شوکری سەگبان کە پزیشکی پێشت بووە و بەسەرهاتێکی سەیری هەیە. ڕۆژنامەکە ناوبراو بە "ناپاک شوکری محەمەد" ناودەبات و ئەو کورتە وتارەم لە وێنەکەدا خستووەتە لاکێشەی شینەوە. بە دوای ئەوەشدا کورتە هەواڵێک دەربارەی ڕێککەوتنەکەی عێراق و بەریتانیا هەیە کە لە وێنەکەدا خستوومەتە لاکێشەی زەردەوە. سەرەتا دەقی کوردیی شرۆڤەی ڕۆژنامەکە دەخەمە بەرچاوتان و پاشان کۆمەڵێک تێبینی و زانیاری لەبارەیەوە دەخەمە ڕوو:

ڕۆژنامەی "VAKIT"ی تورکی، ساڵی سیازدەیەم، ژمارە 4526، هەینی، 1930/8/15:

کێ دەیانجووڵێنێت؟

کوردەکانی عێراقیش ڕاپەڕین

لە سلێمانی و کەرکوک و هەولێر و سەرجەم شارە کوردییەکان زنجیرە خۆپێشاندانی گەورە ڕوویان داوە، کوردەکان داوای موختارییەتیان کردووە

کوردەکانی عێراق لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا جموجووڵی گرنگیان دژ بە حکوومەتی عێراق ئەنجام داوە. کوردەکان لە سەرانسەری دەڤەرە کوردنشینەکانی عێراق زنجیرە خۆپێشاندانی گەورەیان ساز کردووە و داوایان کردووە موختارییەتێکی تەواویان پێ بدرێت و ڕایانگەیاندووە ئەگەر موختارییەتیان پێ نەدرێت، حکوومەتی عێراق بایکۆت دەکەن و لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا بەشداری ناکەن.

پرسی کوردەکانی عێراق بەمجۆرە دەستی پێ کردووە:

کۆمەڵەی گەلان ساڵی 1926 شاندێکی لێکۆڵینەوەی بۆ عێراق ناردبوو و ئەو شاندە پێشنیازی هەندێک مافی بۆ کوردەکانی باکور کردبوو. بە دوای ئەوەدا حکوومەتی عێراق زمانی کوردیی وەک زمانێکی فەرمی ناسی و دەستی کرد بە دامەزراندنی تەنیا فەرمانبەری کورد لە ناوچە کوردییەکان و کەوتە هەوڵدان بۆ ئاوەدانکردنەوەی نیشتمانی کوردان و بنیاتنانی ڕێگەوبان لەوێ. بەو جۆرە کوردەکانی عێراق کەوتنە دۆخێکی نایابەوە.

(بەشی خوارەوەی لە لاپەڕە 4دایە.)

لاپەڕە 4:

(بەشی سەرەوەی لە لاپەڕە 1دایە.)

کوردەکانی عێراقیش ڕاپەڕین

بە پێی بۆچوونێک، ئەو پارەیەی کە حکوومەتی عێراق بۆ وڵاتی کوردانی خەرج کردووە، سێ قاتی ئەو باجەیە کە لە کوردەکانەوە بە دەستی هێناوە. هەرچەندە حکوومەت و خەڵکی عێراق بە گەیشتنی کوردەکان بەو دۆخە ڕازی نەبوون، بەڵام دانیان بە خۆیاندا گرتووە بۆ ئەوەی هیچ ڕووداوێک نەقەومێت و ویستوویانە بەو جۆرە پارێزگاری لە یەکیەتیی عێراق بکەن.



VAKIT

15 inci yıl • sayı 4526 Cuma 15 Ağustos 1930

V-A-K-I-T in Hediye kuponu No. 29

Akvam Cemiyetine Dahil Oluyoruz

Neler söyleniyor?

Serbest Cümhuriyet fırkası hakkında mütalealar

Kâzım Paşa Meclis reisi olmak itibarile bitaraf bir vaziyette kalacaktır

Haydar Bey buhranın sebeplerini nasıl izah ediyor?

Fethi Bey

Dün Vakıt muharririne neler söyledi

"Ben dedikodu bilmem, yapacağım tenkidatı bilirim."

Ağrıda

Bir tecavüz püskürtüldü

Başvekil Hz.

Sivas hattını bizzat küşat edecek

Yusuf Bey

Yeni fırkaya girdiği doğru değildir

Atina sefiri

101 kişi ile mülâkat!

CELÂL NURİ BEY

"Karşı Fırka,,

Umumî kâtip Kütahya meb'usu Nuri B. "muhalif fırka" tabirinin doğru olmadığını söylüyor

Tahrik eden kim?

Irak Kürtleri de ayaklandı

Süleymaniye, Kerkük, Erbil ve sair Kürt şehirlerinde büyük nümayişler vuku bulmuş, Kürtler muhtariyet istemişlerdir

Son günlerde Irakta bulunan Kürtler Irak hükûmetine karşı mühim hareketlerde bulunmuşlardır. Irakın Kürtlerle meskûn bütün havalisinde Kürtler büyük nümayişler yaparak kendilerine tam bir muhtariyet verilmesini istemişler, muhtariyet verilmediği takdirde Irak hükûmetine karşı boykotaj tatbik edeceklerini, umumî intihabata iştirak etmiyeceklerini ilân etmişlerdir.

Iraktaki Kürtlerin meselesi şu şekilde başlamıştır.

1926 senesinde Akvam cemiyeti Iraka bir tahkik heyeti göndermiş bu heyet şimaldeki Kürtlere bazı haklar tavsiye etmişti. Bunun üzerine Irak hükûmeti Kürtçeyi resmî bir lisan olarak tanımış, Kürtlerin meskûn taraflara ancak Kürt memurlar tayinine başlamış, Kürt memleketinin imarına ve burada yollar inşasına çalışmış, bu suretle Irak Kürtleri mümtaz bir vaziyet almışlardır.

[Alt tarafı 4 üncü sayfada]

Gâlcemalin hareketinden evvel güvertede

Şehitlikleri ziyaret

Heyet dün akşam Çanakkaleye hareket etti

جێنشینی تەختی پاشایەتیی عێراق میر غازی لەو نێوانەدا سەری لە دەڤەرە کوردنیشنەکان داوە و کوردەکان جگە لەوەی بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر بێ حورمەتانە پێشوازییان لێ کردووە، تەلەگرافیان بۆ بەغداد و بۆ کۆمیسیاری باڵای ئینگلتەرا و بۆ بارەگای کۆمەڵەی گەلان لە جنێڤ ناردووە و تیایدا ڕایانگەیاندووە کە خوازیارن لە عێراق جیا ببنەوە.

حکوومەتی عێراق ناچار بووە لە بەرامبەر ئەو دۆخەدا کوردەکان ئارام بکاتەوە و جێگری سەرۆکی حکوومەت و چەند وەزیرێک سەردانی سلێمانییان کردووە و بڕیاریان داوە لەگەڵ کوردەکاندا بگەن بە ڕێککەوتن.

ئێمە وێنەیەکی ئەو سکاڵایەمان بە دەست هێناوە کە کوردەکان لە میانەی سەردانی جێنشینی تەختی پاشایەتیی عێراقدا بۆ سلێمانی داویانەتە دەستی و لێرەدا وەک خۆی وەری دەگێڕین:

"بەر لە هەموو شتێک بە ناوی تەواوی میللەتی کوردەوە بەخێرهاتنی زاتی فەخامەت دەکەین و لە پای ئەوەی لیواکەمانی شەرەفمەند کردووە، خۆمان بە بەختیار دەزانین. کوردەکانی وابەستەی تەختی ئێوە ئەم داواکارییانەی لای خوارەوە پێشکەش دەکەن و خوازیاری بەدەستهێنانی شەرەفمەندین:

وەک ئاشکرایە حکوومەتی حەزرەتی باڵا شا فەیسەڵ لەم ڕۆژانەدا ڕێککەوتنێکی دەربارەی کاروبارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی عێراق لەگەڵ ئینگلتەرا واژۆ کردووە. بە پێی ئەو ڕێککەوتننامەیە ئینتیداب هەڵوەشێندراوەتەوە و بەرپرسیارێتیی کاروباری ناوخۆ دراوە بە حکوومەتی عێراق.

بەم بۆنەیەوە بە بیری دەهێنینەوە کە ئەو شاندەی لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بۆ پرسی دۆخی موسڵ نێردرابوو، پێشنیازی کردبوو لە پێناوی پاراستنی زمان و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی تری کوردەکاندا لە دەڤەرە نەتەوەییە سەرەکییەکانی کوردەکان موختارییەت بدرێت بە جەنووبی کوردستان. مادەکانی 3 و 4 لە بڕیارنامەی کۆمەڵەی گەلان و مادەکانی 109 و 110 لە بڕیارنامەی بنەڕەتیی عێراق پشتیوانی لەو داواکارییە دەکەن. بەڵام لەو ڕێککەوتننامەیەدا کە ئینتیدابی عێراقی هەڵوەشاندووەتەوە، باس لەو مافە ڕەوا و پشتگیریکراوەی کورد و پێداویستیی پێدانی موختارییەت بە ئەوان نەکراوە. لەبەرئەوە سەرجەم کوردەکان ئەو سەودا و مامەڵەیە بە دەستدرێژییەکی ئاشکرا دادەنێن و داوا دەکەن مافی دانپێدانراوی موختارییەت بدرێت بە کوردستانی عێراق، واتە لیواکانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی باکوری موسڵ و بەشی لای سەرەوەی دۆڵی دیان و ئومێدەوارین بە پێی پێداویستییەکانی ئەم سکاڵایە کار بکرێت و ڕادەستی حکوومەتی عێراق بکرێت....."

جێنشینی تەختی پاشایەتیی عێراق پاش وەرگرتنی سکاڵانامەکە بە سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی گوتووە کە دەیخاتە بەردەستی باوکی.

زۆربەی ئەو تەلەگرافانەی کە لەلایەن کوردەکانەوە بۆ بەغداد و جنێڤ و چاپەمەنییەکان نێردراون، واژۆی ژنانی کوردیشیان بەسەرەوەیە.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لەو بارەیەوە لە بەغدادەوە بە دەستمان هێناوە، ئەوانەی لەم جموجووڵانەدا هانی کوردەکان دەدەن، پشکێنەرە ئیدارییەکانن کە هەر هەموویان ئینگلیزن و بە فەرمانی لێپرسراوانی ئینگلیز لە عێراق هەڵدەسووڕێن.

ئەو پشکێنەرە ئیدارییانە هەر کاتێک بخوازن دەتوانن کوردەکان بخەنە جووڵە و لە ڕێی ئەوانەوە هەڕەشە لە عێراقییەکان دەکەن. لەبەرئەوەی لەم کاتەدا ناڕازیبوونێکی گشتی بەرامبەر بەو ڕێککەوتننامەیە هەیە کە ئینگلتەرا خستوویەتییە بەردەم حکوومەتی عێراق، هەوڵ دەدرێت بە هەڵوێستی هەڕەشەئامێزی کوردەکان ڕای گشتی هێور بکرێتەوە. چونکە هەروەک چۆن هەڵوێستی کوردەکان خزمەت بە داگیرکاریی بیانی لە عێراق دەکات، مەبەستیشیان لە داواکردنی موختارییەت هاندانی کوردەکانی دەڤەرەکانی تورکیا و ئێرانە و بەردەوامبوونیانە لەسەر بوونیان بە ئامێر بە دەست دەوڵەتێکی بیانییەوە.

ناپاک شوکری محەمەد

مەزهەر عوسمان ب. لە بیمارستانی ئیستانبوڵەوە ئەم بڕگەیەی دەربارەی ناپاک شوکری محەمەد نووسیوە:

"گەنجێکی لاڵ و گرفتار کە لە ئەرگانی لە مولازمێکی قۆشمەی تورک و دایکێکی بەڕەچەڵەک کورد لە دایک ببوو، سی و پێنج ساڵ لەمەوبەر بە هەنبانەی پشتی و گۆچانی دەستییەوە دێتە ئیستانبوڵ. دوای نۆ ساڵ دەبێت بە پزیشک، دامێنی ئەم و ئەو ماچ دەکات و بە زمانی فس و لاڵەوە ڕیایی بۆ هەمووان دەکات و بە هاوکاریی هاوڕێ تورکەکانی، توانای هزری سەد قات بەرز دەبێتەوە. ئەو پزیشکی پێستە ناوی شوکری محەمەد ئەرگانی بوو. ئەو بوونەوەرە چاوبرسییە کە لە هیچەوە ببوو بە شتێک، لە دایکی خۆی دەدات و فڕێی دەداتە سەر شەقام، ئەو دایکەی کە لە ساڵانی ئاگربەستدا ئەمی هێنابووە ژیانەوە. تەماحی نەبڕاوەی لەبن نەهاتوو پاڵی بەو نامەردەوە ناوە تا ڕادەی ناپاکیکردن لە نیشتمان و میللەتی خاوەن نیعمەتی خۆی. ئێستاش ساختەکارێک ئەم کەسە بێ ڕەچەڵەک و بە باوک تورکەی بە بیانووی کوردایەتییەوە کردووە بە ئەندامی کۆمەڵەی کوردی. ئەم شەمشەمەکوێرەیە بە هەڵاتنی خۆری سەربەخۆیی لە وڵات بە شەواره کەوتووە و لەگەڵ هاوشێوەکانیدا بۆ بەغداد هەڵهاتووە و لووتی لە ئاژاوەیەکی نوێی کوردی ژەنیوە... ئەو، نیازی خراپی پێشان داوە بەرامبەر بە وڵاتی بریندار و ماندوومان کە پێویستی بە ئارامی هەیە و بەرامبەر بە میللەتمان کە هەوڵی داوە ئەو بەخێو بکات و بیکات بە مرۆڤ. گرووپەکەمان بە هیچ جۆرێک پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە. بەڵام خوێنەرانی خۆشەویستم، ئەگەر تەنیا جارێکیش بووە هاوکاری بکەن تا ئەم کەسە بێ ڕەچەڵەکەی هەڵتۆقیوی ناو خۆمان تێر و پڕ بە نەفرەت بکەین.

کوردەکانی عێراق

تایمس لە بۆمبای-ەوە نووسیویەتی:

ڕێککەوتنی نوێی ئینگلیز و عێراق بڵاو کرایەوە. کوردەکانی ناوچەی باکوری عێراق سکاڵایان لە مادەیەک هەیە کە بەرژەوەندییەکان دەپارێزێت، بەڵام نەخراوەتە پەیماننامەکەوە. ئەوان سکاڵاکەی خۆیان بە تەلەگراف گەیاندووە بە کۆمەڵەی گەلان لە جنێڤ. بە مەبەستی کۆتایی هێنان بەو جووڵەیە کە مەترسی فراوانبوونەوەی هەیە، جێگری کۆمیساری باڵا لەگەڵ جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ و وەزیری داد چوونەتە کوردستانی عێراق. شاندەکە دەیەوێت بۆ خەڵکی بسەلمێنێت کە حکوومەتی بەغداد پابەندی بەڵێنەکانی خۆی دەبێت. جەعفەر پاشا ئەلعەسکەری کە ئەرکی نوێنەرایەتیکردنی سەرۆک وەزیران بەجێ دەهێنێت، لە لێدوانی خۆیدا لە کەرکوک گوتبووی هەر بزاڤێک زیان بە سەرزەمینەکانی پاشایەتی بگەیەنێت، حکوومەت بە هیچ شێوەیەک لێبووردەیی لە بەرامبەری نانوێنێت.

تێبینی و زانیاری:

1 . ڕۆژنامەکە لە مانشێتی وتارەکەدا دەستەواژەی "کوردەکانی عێراقیش ڕاپەڕین"ی بەکارهێناوە. مەبەست لەو "یش"ە ئەوەیە کە بەر لە خۆپیشاندانەکانی گەلی باشوور، ساڵی 1925 شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و ساڵی 1930یش شۆڕشی ئاگری هەڵگیرسابوو.


4 — VAKIT 15 Ağustos 1930

Yeni fırka ve Avrupa matbuatı

Avrupa gazeteleri yeni fırka hakkında ne yazıyorlar?

Dünkü içtimada

Irak Kürtleri de ayaklandı

2 . ڕۆژنامەکە لە مانشێتدا کەرکوکی خستووەتە ڕیزی شارە کوردییەکانەوە.

3 . ئەو زمانی تورکییەی وتارەکەی پێ نووسراوە، زۆر جیاوازە لە زمانی تورکیی هاوچەرخ. بۆ نموونە؛ وشەی "موختارییەت" لەوێدا بە واتای "ئۆتۆنۆمی" بەکارهێندراوە. لە تورکیی هاوچەرخدا لەبری "موختارییەت" وشەی "ئۆیزەریک" بەکاردەهێندرێت.

4 . خەڵکی سلێمانی لە نامەکەیاندا بۆ جێنشینی تەختی پاشایەتیی عێراق سنووری هەموو باشووری کوردستانیان دەستنیشان کردووە. پێ دەچێت مەبەست لە "دۆڵی دیان" کە لە وتارەکەدا هاتووە، "دۆڵی دیالە" بێت.

5 . لە نامەکەی خەڵکی سلێمانی کوردستانی بە عێراوە لکێندراو بە "جەنووبی کوردستان" ناوبراوە.

6 . ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی سلێمانی ئەو تەلەگرافانەیان واژۆ کردووە کە بۆ کۆمەڵەی گەلان لە جنێڤ و حکووومەتی عێراق و میدیاکان نێردراوە.

7 . ڕۆژنامەکە هەر لە سەرەتاوە بە بەکارهێنانی دەستەواژەی "کێ دەیانجووڵێنێت" گومان دەخاتە سەر خۆپێشاندانە ڕەواکانی گەلی باشووری کوردستان و لە کۆتایی وتارەکەشدا، وەک ئەوەی لەم سەردەمەشدا باوە، تۆمەتی پاشکۆیەتی بۆ وڵاتانی تری داوەتە پاڵ گەلی باشووری کوردستان.

8 . محەمەد شوکری سەگبان کە ڕۆژنامەی ناوبراو بە کورتە نووسینێک سووکایەتیی پێ کردووە، بەڕەچەڵەک خەڵکی قەزای مادەنە کە لەم سەردەمەدا سەر پارێزگای ئەلازیزە. پزیشکی پسپۆڕی پێست و پرۆفیسۆری وانەبێژ بووە لە نەخۆشخانەی جەراحپاشا. لە هەموو چالاکییەکانی کوردانی ئیستانبوڵدا بەشداری کردبوو. داهاتێکی زۆر باشی هەبوو، بۆیە هاوکاریی دارایی هەموو کۆمەڵە و بڵاوکراوە کوردییەکانی کردبوو. ناوی لە سەرەوەی لیستە "150 کەسییەکە"ی ئەتاتورکدا بوو، بۆیە ئەویش وەک خاوەن ناوەکانی تری سەر ئەو لیستەیە بۆ دەرەوەی وڵات هەڵهاتبوو. پاشان دەرچوونی لێبووردن، سەگبان گەڕایەوە تورکیا. بەڵام بەر لە گەڕانەوەی، کتێبێکی بە ناوی "کوردەکان تورکن" نووسی کە بوو بە مایەی شەرم و پەڵەیەکی ڕەش بە مێژووی ئەو کەسەوە. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی سەگبان بڕوانە کتێبی: "بیرەوەرییەکانم، موسا عەنتەر، لە تورکییەوە: محەمەد عەزەدین، دەزگای فام، هەولێر 2021.

# هەرێمی کوردستان لەسەر هێڵی هاوبەررژەوەندی و وڵاتانی دژبەیەکدا

## بەختیارنامیق و سەرکەوتی جیهاز

ماوەیەکە بەهۆی هەندێ بڕیاری دادگای بەغدادەوە زۆرێک لەو نوسینانە باس لە کۆتایی هاتنی هەرێمی کوردستان دەکەن و بە تایبەت بڕیارەکانی دادگای کەرخ ، ئەگەر چی ئەم بڕیارانە لە ٢٠١٠ هەیە بەڵام جوڵاندنی پەیوەندی بە ئێران و ململانێکانی ئێرانەوە هەیە لەسەر هێڵی ڕوسی بەرامبەر ئەمریکا و ئەوروپا و بە تایبەتی تریش دۆسیەی غاز و پێداویستی عێراق بە غاز ، وە هەوڵی ئێران بۆ ئەوەی غاز نەڕوا سێ مەبەستی هەیە ، یەکێکیان خۆی غاز دەفرۆشێت بە تورکیا نایەوێ ئەم بازاڕە لەدەست بدات ، دووەمیان بەغداد کە لەگەڵ سوریا بە (کارت بە کارت) لەگەڵ تورک یاری پێ دەکات پێویستی بە غاز هەیە ، سێیەمیان نایەوێ غازی کوردی بێێتە بەدیلی غازی ڕوسی و ئێرانی ، کەواتە جگە لە بڕیارێکی سیاسی هیچی تر نیە ، تەنها گوشارە بۆ هەرێمی کوردستان نەک لە ناوچونی .

بە گشتی دۆخی جیهان و ناوچەیی کەوتوەتە سەر هێڵێکی کێرڤی و بەردەوام لە دۆخێکی ناسەقامگیردایە ، بە تایبەت دوای زیندوبونەوەی ورچە سپیەکەی ڕوس و گەورەبونی ئەژدیهاکەی چین و جەنگی نێوان ڕوس و ئۆکراین ، بە گشتی ئەم دۆخە جیهانیە کاریگەری لەسەر کۆی نەخشەی سیاسی و ئابوری بوە و بەردەوام لە بەرز بونەوەدایە تا ئەو ئاستەی سەرەتای کاریگەرییەکانی لەسەر هەمو تاکێکی ئەم سەرزەمینە بوە و بەردەوام گەورەتر دەبێت ، لەم ڕوانگەوە بە پێی پەیوەندی وڵاتان و ململانێی وڵاتان هەمو وڵاتێک بە پێی گۆڕانی دۆخەکە نەخشەیەکی تر لەسەر نەخشەی پەیوەندیەکانی جیهان دادەڕێژێت ، ئا لێرەوە دەکرێت بپرسین ئایا هەرێمی کوردستان دەکەوێتە سەر کوێی نەخشەی تازە و پەیوەندیە جوڵاوەکانی ئێستای ناوچەکە و جیهان ، دەکرێت ئێمە بە دوو هەنگاو باس لە چارەنوسی هەرێمی کوردستان بکەین لەبەردەم گۆڕانکاریەکاندا ( پەیوەندی وڵاتانی ناوچە و جیهان و بەرژەوەندیەکانیان بە هەرێمی کوردستانەوە + بەغداد و هەولێر خاڵە جیاوازەکانیان و خاڵە لێکچوکانیان) پاشان بتوانین خاڵی کۆکەرەوەی کۆی وڵاتانی جیهان ڕونبکەینەوە :

**هەنگاوی یەکەم ☹ پەیوەندی وڵاتانی ناوچە و جیهان و بەرژەوەندیەکانیان بە هەرێمی کوردستانەوە)**

ئەو وڵاتانەی کە کاریگەری پلە یەکیان هەیە لەسەر بەغداد و هەولێر تورکیا و ئێرانە ، ئەوەش دەزانین ئەم دو وڵاتە هەم بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە هەم ململانێ ، ئەوەش دەزانین بۆ زۆر پرس و دۆسیە ( کارت بە کارت ) دەکەن لەبەر ڕۆشنایی ڕێککەوتنە مێژوییەکان و ڕێککەوتنە هەنوکەییەکان ، بۆیە ئێمە لەم دوو وڵاتەوە دەست پێدەکەین ، کە وڵاتان بەرژەوەندیان لە مانەوەی هەرێمی کوردستان گەورەترە لە لەناوچونی ، دەکرێت گوشاری توند هەبێت تا ڕادەی بەکارهێنانی درۆن ، بەڵام جگە لە گوشاری توند ناکاتە ئەوەی بەرژەوەندیە گەورەکانیان لە مانەوەی هەرێم بفەوتێنن.

1.ئێران : ململانێکانی لەگەڵ هەرێم بچوکترە لە بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ هەرێم ، زۆنی سەوز لەسەر نەخشەی سیاسی خۆی دەبینێ و عێراقیس بە ناوچەی درێژکراوی خۆی دەبینێ و بۆ ئێران مانەوەی هەرێم وەک فیدراڵی سودبەخش دەبێ بۆی تا بتوانێ زیاتر لە عێراقدا هەژمونی خۆی بسەپێنێ ، وە بە ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا عێراق بۆ ئێرانە و سوریا بۆ تورکیایە ، واتا زۆنی زەرد ئەگەر چی سەر بە تورکیایە بەڵام بە کارت بە کارت هەر لە ژێر هەژمونی ئێرانیدایە ، وە بازاڕێکی باشە بۆ کاڵای ئێرانی و وە ناوچەیەکی ئارامیشە بۆ عێراق ، وە چەندین دۆسیەی تر ، بۆیە مانەوەی لە بەرژەوەندی ئێراندایە .

2.تورکیا : سودێکی گەورەی ئابوری و نەوتی بۆ تورکیا هەیە بەتایبەت زۆنی زەرد و باجێکی گەورەی نەوتی و کاڵای دەست دەکەوێت ، ئەگەر چی پەکەکە بۆ تورکیا زۆر پێویستە چونکە بوەتە چەکی بیانوەکانی تورکیا بۆ هەمو دۆسیەکان ، بەڵام گەورەنەبونی بەندە بە مانەوەی هەرێمی کوردستانەوە و وە وەک هیلالی سونیش زۆر پێویستی پێیەتی ، وە چەندین دۆسیەی تری سیاسی و سەربازی و ئەمنی.

3.ئەمریکا و ناتۆ : دوای جەنگی ئۆکراین وپاشەکشێی ئەمریکا لە زۆرێک لە ناوچەکانی دنیا وەک پێگەیەکی سیاسی و سەربازی زۆر پێویستیان بە هەرێمی کوردستان هەیە بە تایبەت لە دۆسیەی غاز و نەوتدا ، چەندین دۆسیەی تر .




4. نەتەوە یەکگرتوەکان : وەک سەرزەمینێکی ئارام بۆ ئاوارەکانی سوریا و عێراق زۆر پێویستی بە مانەوەی هەرێمی کوردستان هەیە .

5.چین و ڕوسیا : لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە سەر ڕێگەی ئاورشمی و دنیایەک بەرژەوەندی گەورە تر لە ناکۆکیەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکانیان زۆر پێویستیان بە مانەوەی هەرێم هەیە ، وە چەندین دۆسیەی تر.

6.وڵاتانی عەرەبی : لەسەر کۆمەڵێک دۆسیە زۆر پێویستیان بە مانەوەی هەرێم هەیە وەک مۆدێلی خلیجی و هەم وەک هەرێمێکی ئابوری و هێمن بۆ عێراق لە چوارچێوەی فیدراڵید .

بە گشتی خاڵی کۆکەرەوەی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی نێوان وڵاتانی دنیا بۆ مانەوەی هەرێم گەورەترە لە خاڵی لەناو بردنی هەرێم .

**هەنگاوی دووەم ☹ بەغداد و هەولێر خاڵە جیاوازەکانیان و خاڵە لێکچوکانیان)**

دەکرێت جیاوزی و خاڵە لێچوەکانی نێوان بەغداد و هەولێر زۆر بن بەڵام خاڵی جیاوزی لە ڕوی باشیەوە هەرێم زۆرترە لە بەغداد ، با بزانین چۆن .؟؟

1.لە ڕوی ئەمنیەوە بۆ هێزە دژەکان هەرێم لە بەغداد باشترە .

2.لە ڕوی ئازادی ڕۆژنامە گەریەوە بەغداد لە هەرێم باشترە .

3.لە ڕوی گەندەڵیەوە ئەگەر چی هەرێم و بەغداد نوقمی گەندەڵین بەڵام هێشتا هەرێم زۆر لە بەغداد باشترە .

4.لە ڕوی موچە و ستیستەمی بانکیەوە بەغداد زۆر لە هەرێم باشترە .

سەرەڕای خاڵە جیاواز و باش و خراپەکانی نێوان هەرێم و بەغداد هێشتا لە بەرژەوەندی وڵاتاندایە هەرێمێکی فیدراڵی وەک هەرێمی کوردستان بمێنتەوە و بەردەوامیش بیخەنە ژێر گوشاری یاسایی و دادگایی و درۆنی سەربازیەوە ، بەڵام ناکاتە ئەوەی هەرێم لە ناو بچێت، بۆ وڵاتان کۆکردنەوەیەکی ماتماتیکی سیاسی خاڵە باشەکانی هەردولا دەکاتە دۆخێکی باشی مامناوەند بۆ کۆی بەرژەوەندی وڵاتانی دنیا .

# دایکم ....

## محەمەد ڕەئوف

بەیانیان مەلا بانگدان هەڵدەستا، دوای نوێژ، دەچوو دوو بەرمیل ئاوی لە کانی (کەوەڕێ) دەهێنا، مانگاکانی دەدۆشی، پشتیرەکانی پاکدەکردەوە، گسکی حەوشەی دەدا، نانی بەیانی حازر دەکرد، مەڕو مانگاکانی بەڕێ دەکرد، ئینجا خەبەری دەکردینەوە، ئێمەی دەگۆڕی بۆ قوتابخانە،"نابێت کەس هەست بکات ئێوە بێ باوك و بێنازن"، دواتر دەچووە دەستکەنە یان بژار، یان کۆڵکێشانی سەر خەرمان، تا نیوەڕۆ، نیوەڕۆ دەهاتەوە خواردنی ئامادەکرد، مەڕی دەدۆشی، دوای نیوەڕۆ دەچووەووە کارکردن، تا ئێوارە، ئێوارە مانگای دەدۆشی، مەڕو بزنی دادەمەزراندن لە پەچە، نانی ئێوارەی ئامادەدەکرد بەردەوام بە میوان و پێشمەرگەوە، شەو جێگەی لەسەربان بۆ رادەخستین.

ئەمە خولی ژیانی یەك رۆژی دایکم بوو، ئەو دایکەی لەسەردەمی ئەنفالدا تەمەنی تەنیا (35) ساڵ بوو (10 ) ساڵ بوو باوکم وەفاتی کردبوو، دایکم لەیەك کاتدا رۆڵی باوك و سەرۆك خێزان و میواندارو بەخێوکەر و بەرپرسیاری دەبینی هەموو ئیشەکانی دەکرد، دەشیوت "دەبێت بخوێنن" پێش پرۆسەی ئەنفال ( من و رەسوڵی برام) پۆلی سێی سەرەتایی بوین (عەزیز) پۆلی چوار بوو بەتەنیا لەیەك پۆلدا بوو، بەیانیان سرودی ( رێی خەبات و مەشخەڵان)مان دەوت، جارجار پێشمەرگە کە دەهاتنە گوندەکەمان فێری سرودی پێشمەرگەو شەهیدان و خەباتیان بۆ دەکردین، کە سەری ساڵ کارتمان وەردەگرت لە سوچی سەرەوەی کارتەکە نوسرابوو (قوتابخانەی شۆڕش) چونکە ئەو کاتە حکومەت دامەزراوەکانی لە گوندەکان کشاندبووەوە، پێشمەرگە لە گوندەکان مامۆستای شۆڕشی دانا بوو وانەیان دەوتەوە، کتێبەکان هەموویان کۆپی بوون، وێنەکانی رەشوسپی بوون لەدوای ئەنفال کە چوینە شارەوە لەسەرتای سەرەتاوە دەستمان پێکردەوە نەمانوێرا بڵێین لە قوتابخانەی شۆڕشبووین واتا (3) ساڵی خوێندنمان رۆیشت.

ئێمە ماڵمان لەبەری قوتابخانەو مزگەوتەکە بوو، لەکاتی پشووی وانەکان دەڕۆیشتینەوە ماڵەوە ئاومان دەخوارد، بیرمە لە پشویەکدا رۆیشتمەو ماڵەوە ( لەناو حەوشەکەمان دوو دارتووی گەورەی تیابوو سێبەرێکی زۆریان کردبوو) دایکم مەشکەی دەژەنی ( مەشکە لە پێستی بزن و گوێرەکە درووست دەکرێت، سێپایەکی دار دادەنرێت، مەشکەکە چوار قاچەکە دوو داری پێوە دەکرێت پێی دەوترێت لۆرەلەپ، دارێکیش هەردوو دارە بچوکەکە پێکەوە دەبەستێتەوە پێی دەوترێت دۆژەنگ کە دارێکی زۆر رەقە، دەمی مەشکەکە بە خرێنە دەبەسترێت (موی بزن) و دوای مەشکەکە بە بەن دەبەسترێت مووی مەڕ)، دایکم لەژێر دارەکە بەردەوام بوو لەژەنینی مەشکەکە، حاجی ساڵح کە پیرە پیاوێکی ریش سپی گوندەکەمان بوو لە دوورەوە بانگی کرد (ئەجێ خان) دۆ پێ نەگەییوە، دایکم وتی حاجی فەرموو وەرە ژوورەوە دایکم دەمی مەشکەکەی کردەوەو ل قاپێکی فافۆنی قوپاوی پڕکرد لە دۆ، حاجی ساڵح بینی پێوەنا زۆر بەتام دۆیەکەی خواردەوە بەشێك لە دۆیەکە بە ریشە سپیەکەیدا هاتە خوارەوە، من لەوکاتەوە حەزم بە دۆیە، دوای ئەوەی حاجی ساڵح دۆیەکەی خواردەوە وتی "وابزانم ئەمجارە نەجاتمان نابێت، بەعس هەموو گوندەکانی گەرمیانی سوتاندووەو خەڵکەکەی دەستگیرکردووە، پێدەچێت ئەمجارە سەرەی ئێمە بێت و هەمووومان تیا بچین"، دایکم وتی "حاجی خوا گەورەیە، هەر نەکەوینە دەست ئەم زاڵمانە قەینا".

چەند رۆژێك دواتر پێشمەرگەیەکی زۆر روویانکردە گوندەکەمان بەشی زۆریان پەشۆکاو تێکشکاو بوون، بە پێچەوانەی پێشتر کە پێشمەرگەمان دەبینی وورە بەرزو رەنگورووگەشاوە، ئێمە دەمانزانی شتێك روو دەدا بەڵام وامان دەزانی هیچ هێزێك ناتوانێت خۆی لەبەردەم پێشمەرگەدا بگرێت، چونکە بەیانیان کەسرودی "رێی خەباتمان دەخوێن بەدەنگی بەرز" لە دێرێکدا دەڵێت" لەم رێ پیرۆزە هەرگیز لانادەین، ئێمەین بۆ مردنیش ئامادەین" بەڵام وادیاربوو ئەم جارە جیاواز لە جارانی پێشوو کە جەیش و جاش دەهاتن دێیەکانیان دەڕوخاند و ئەرۆیشتن، ئەمجارە خەڵکەکەش دەبەن و بۆ دواجارە گوندەکان دەبینینەوە.



ئێوارەیەکیان "شێخ سەعید" کە پێشمەرگەو خزمی خۆمان بوو هات و وتی " ئەبێت هەرچی ژن و منداڵە بڕۆن بۆ شار، لە ژنان تەنیا "ئەجێ خان و ئەختەرخان بمێننەوە" وەزعەکە زۆر خراپەو جەیش و جاش نزیك بوونەتەوەو سبەینێ هێرش دەکەن بە پاڵپشتی دەبابەو فڕۆکە، وەزعەکە پەشۆکی زۆری پێوە دیاربوو سبەینێ عەسرەکەی 1988/5/3 ئێمە لە نزیك ماڵی خۆمان لای بەرخ بووین، چەند فڕۆکەیەکی سەربازی بەعس بە نزمی بەسەرناوچەکەدا دەسوڕانەوە ئێمە لەو فڕۆکانە نەدەترساین چونکە ئەوانە تەنیا شەڕی ئێرانی پێکرا، شەڕی گوندەکان بە هێلیکۆپتەر دەکرا، دوکەڵی سپی لە گوندی گۆپتەپەو عەسکەر بەرز بووەوە، ئەو فڕۆکانە چەند جارێك بەسەر ئەو گوندانەدا سوڕانەوە، کە ئێوارە داهات دایکم وتی خۆتان حازر بکەن و بڕۆن بۆ شار وتمان ئەی تۆ وتی من لە ماڵەوە دەمێننمەوە خۆ نابێت ئێرە جێبهێڵم، شێخ سەعید وتی نابێت بە رێگای سەرەکی بڕۆن دەبێت بە رێگەیەکی جیاواز بەو شاخ و هەردەدا بڕۆن تا دەگەنە شار دەبێت بەرلەوەی خۆر هەڵبێت و جەیش و جاش بجوڵێت ئێوە بگەنە شار.

ژن و منداڵی گوندەکەمان شەو بەرێکەوتین بە پێ و بەسواری گوێدرێژ، بەناو هەردو شاخ و کێودا بەر لەوەی دنیا روناك بێتەوە گەیشتینە شار، لە رێگە چەند کەسێکمان توش بوو بۆنیان لێدەهات و ووڕ بوون، وتیان ئەمانە کیمیاویان بەرکەوتووە لە گۆپتەپەو عەسکەر، ئەو کات بۆمان دەرکەوت ئەو فڕۆکانە کیمیاویان لە گوندەکانی عەسکەر و گۆپتەپەو هەیدەر بەگ داوە.

بەیانی کە رۆژ بووەوە سوپا و جەیش و جاش بە پاڵپشتی تانك و دەبابەو هێلیکۆپتەر هێرشی دەستپێکردوو قۆناغی (چوارەمی ئەنفاڵ) دەستپێکرد، لەناوچەکانی قەڵاسێوکەو دەشتی کۆیەو دۆڵی زێی بچووك، سەرجەم گوندەکانی ئەو ناوچەیە سوتێندران و خەڵکەکەی بەشێکی زۆری ئەنفالکراو بەشێکیشی رزگاری بوو، ئێمە لە رزگاربوان بووین لەبەر ئەوەی نەچوینە سەر شەقامی سەرەکی و نەکەوتینە دەست سوپا و سەرباز.


(من و عەزیز و رەسوڵ) لە شوێنێك لەماڵی مام و پور، دایکم لە گوندەکە مایەوەو براگەورەکانم هەریەکی لەشوێنێك، رۆژگارێکی رەش و تاریك هەموو شتێکمان لەدەستدا لە گوندەکەمان ( کشتوکاڵ، مەڕ و بزن و مانگا و دیوەخان و تراکتۆر و یاری و چاوشارکێی منداڵی و ..... هەموو شتێك)،

وورده وورده یەکمان گرتەوە، دایکمان بینیوە، براکانم خۆیان شاردبووە، ئێمەش هەر رۆژەی لەماڵێك، شوێنێکمان دابینکرد دایکم هەموومانی کۆکردەوە.

لەبەر ئەوەی گوندەکەی ئێمە شوێنێکی چەپ بوو ڕێگاکەی سەخت بوو، بۆیە شۆفڵ و دەبابە نەچوبونە گوندەکەمان، تەنیا جاش چوبونە گوندەکەمان و بەشێك لە خانووەکانیان سوتاندبوو بەڵام نەروخابوو، بەشی زۆری کەل و پەل و پێداویستیەکان مابوو.

گوندەکەمان لە شارەوە نزیکەی (5 بۆ 6) سەعات بە پێ دووربوو چەند جارێك دوای تەواوبوونی پرۆسەی ئەنفال، شەوان دەچوینە گوندەکەمان کەلو پەل و پێداویستیمان دەهێناو زوو دەگەڕاینەوە، بۆ ئەوەی جەیش و جاش هەستمان پێنەکەن بە ڕێگای سەخت و تولە ڕێگادا دەڕۆیشتین.

ئێوارەکیان دایکم وتی ئەمشەو ئەڕۆین بۆ گوندەکەمان و کەل و پەل دەهێنین تۆش وەرە، من زۆرم پێخۆش بوو، یادگاری بەرخ و کارو سەگە ڕەشەکەو چەم و گۆمی مەلەو خەوی سەربان و چاوشارکێ و جۆلەکە گرتن و تەپکەنانەوە هەموو یادگاریەکانی گوندەکەمان هاتە پێش چاووم، عەسر چووین یەك دوو گوێدرێژمان هێنا، کە لەدوای ئەنفال بەشی زۆری گوێدرێژەکان بەرەڵا کرابوون، دەبوایە ئێوارە کە ڕۆژ ئاوا بوو بەڕێبکەوتینایەو بەزووی بەیانی پێش خۆر هەڵاتن بگەڕێینەوە شار، ئێوارە زەردەی مابوو بەڕێکەوتین ( من و دایکم، باوەگەورەم ( باوکی دایکم) لەگەڵ دوو ژنی تر، من تەمەنم (11) ساڵ بوو، بەپێ بەڕێکەوتین، دۆڵ و هەردوو شاخمان بڕی شەو درەنگ گەیشتینە گوندەکەمان دایکم هەندێك نان و خورمای هێنابوو خواردمان من زۆر ماندوو بووم نزیکەی (6) سەعات بەڕێوە بووین، بەدیار ئامادەکاری دایکمەوە خەوتبووم، دایکم کەل و پەلی ئامادەکرد، باوەگەورە زوو زوو بانگی دەکرد درەنگە خۆتان ئامادەبکەن دەگەڕێینەوە، کەمێك تاخیر بووین، باوەگەورە دەیگوت ڕۆژمان لێدێت پەلە بکەن کۆپتەر و جەیش و جاش دەگەنە سەرمان، بەڕێ کەوتین و گەڕاینەوە. لەڕێگا باوە گەورە هەر دەیوت پێ هەڵگرن درنگە، شەوێکی تاریك سێ ژن و منداڵێك و پیرە پیاوێك، بە تولەڕێگای سەخت و هەردو شاخ و کێوو دۆڵ و شیو، ڕێگایەکی سەخت گوێدرێژەکان لەبەر ئەوەی هی خۆمان نەبوون، ئاشنامان نەبوون ڕانەهاتبوون لەگەڵمان باش ڕێگایان ناگرد، وورده وورده تاریکی شەو دەڕۆیشت، دنیا خەریك بوو ڕوناك دەبووەوە، گەیشتینە چەمێك، پشویەکی کورت بەپەلە نوێژمانکردو باوەگەورە وتی خێراکەن درەنگە، لە چەمەکە سەرکەوتین دنیا ڕوناکبووەوە، نزیکەی (2) سەعاتمان ڕێ مابوو بگەینە دەوروبەری شار، گەیشتینە تەختانیەکی زۆر درێژ، ڕوناکی نەماو خۆر هەڵهات، سەیری یەکترمانکرد هەموو دەموچاوو شانی تۆزاوی دەموچاوی ماندوو ترساو، من تەنیا بەجەستە دەڕۆیشتم هەموو گیانم خەوتبوو نزیکەی 10 سەعات ئەمسەرو ئەوسەر بەپێی ڕۆیشتن، گەیشتینە ناوەڕاستی دەشتاییەکە، ئیتر تەواو بینیمان جەیش و جاش لە شەقامی سەرەکی جولان کاتی جولەی سەربازی بوو بۆ تەواوکردنی پرۆسەی ئەنفال، ڕۆژانە هێلیکۆپتەر ڕەمی دەکرد یاخو خەڵکی پاشماوەی گوندەکانی هەڵدەگرت و بۆ ئەنفال، ئێمە بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن، ترسمان لە هاتنی کۆپتەر هەبوو، دایکم دەیوت خوا گەورەیە، بێهێزو ماندویەتی و ترس و برسێتی هێزی لێبڕیبووین، گوێم لە دەنگی کۆپتەر بوو وتم دایە دەنگی کۆپتەرە، وتی هیچ نیە کوڕم، وورده وورده دەنگی کۆپتەرەکان نزیکتر دەبوونەوە، لە ئاراستەی کەرکوکەوە سێ کۆپتەر دەرکەوتن، وورده وورده دەنگیان و ڕەنگیان نزیك دەبوونەوە ، شوێنێکی تەختانی مەجالی ڕاکردن خۆشاردنەوەی نەبوو، باوەگەورەم وتی بوەستن هەموو وەستاین، دایکم ئاوا گەڕا چاڵێ (کەندڕێکی) بچوکی دۆزیەوە، پەلی منی گرت و کردمیە ناو چاڵەکەوە، هەندێك پوش و چیلکەی دابەسەرمدا " وتی هەر تۆش ڕزگارت بێت هەر باشە"، کۆپتەرەکان گەیشتنە سەرمان، سێ کۆپتەر بوون، یەکێکیان حەماڵ بوو لەبەرزی دەسوڕایەوە، دوانەکەی تر حەربی بوون و لە نزمتر بەسەرماندا دەسوڕانەوە، لەژێر پۆش و چیلکەکانەوە سەیرم دەکرد، دایکم و باوەگەورە ڕیش سپیکەم، دەستیان بەرزکردبووە، دایکم کەمێك نزیکتر بوو لەمن گوێم لە دوعاکەی دایکم دەیوت "خوایە بۆخاتری گەورەیی خۆت نەماندەیتە دەست ئەم زاڵمانە، لەم چۆڵەوانیەدا تەنیا پشتیوانمان تۆی، خوایە ئەم غەدرە قبوڵ نەکەیت، هیچ تاوانێکمان نیە"، وورده وورده هێلیکۆپتەرەکان نزمتر دەبوونەوە، تەنانەت ئەو سەربازەی سەر دۆشکەی هێلیکۆپتەرەکە بە ئاسانی دەبینرا، بەسەرماندا دەخولانەوە، سەیرم کرد دایکم و باوەگەورەم دەستیان داگرت، ئیتر هیچی دیکە دەستیان بەرز نەکردەوە، من وام هەستکرد ئیتر نائومێد بوون، بەڵام دواتر دایکم وتی "بۆیە دەستمان داگرت، بۆ ئەوەی وا هەست نەکەن لەوان دەپارێنەوە ئێمە دەستمان بۆ خوا بەرزکردبووەو لەو دەپاڕاینەوە، نەك لە سەربازان"، تەپوتۆزی پانکەی هێلی کۆپتەرەکان و گەرماو تینێویتی و برسێتی کەشێکی سامناکی پڕ لە ترس و مردنی بۆ درووستکردبووین، هێلی کۆپتەرە حەماڵەکە ڕۆیشت، بەرەو جەیش و جاشەکە، دوو هێلی کۆپتەر حەربیەکە یەك دوو خولی تر سوڕانەوە، ئەوانیش ڕۆیشتن، نە تەقەیان لێکردین نە هەڵیانگرتین، وا دیار بوو پلانەکەیان لە ئێمە گەورەتر بوو بۆ سێ ژن و منداڵێك و پیرە پیاوێك، پلانە سەربازیەکەیان تێکنەدا.



من سەرم هەڵبڕی دایکم هات و پۆش و چیلکەکانی لەسەرم لابرد وتی ئەمجاریش خوای گەورە نەجاتی داین، هەستە با بڕۆین، ئێمە بە جەستەیەکی شەکەت و نیوە مردوو گەیشتینەوە شار، بارەکەشمان هەندێك گەنم و چەنج قاپ و مەنجەڵ و دۆشەکەڵەك بوو...

من بیرم لەوە دەکردەوە دایکم بۆ منی شاردەوەو خۆی بە پێوە وەستاو خۆی نەشاردەوە، خۆ ئەگەر من لەناوبچومایە (5) براو خوشکێکی ترمان هەبوو خانەوادەکەمان یەك کەسیان لەدەست دەچوو، بەڵام دایکم لە ناوبچویایە ئێمە هەموومان بێ پشتو پەناو بێ سۆزی دایك و باوك دەمماینەوە، من بێ ئاگا لەوەی هەست و سۆز و خۆشەویستی دایك سنوری نیە، لە نێوان ڕووحی خۆی و ڕووحی مندا ڕووحی خۆی بۆ قوربانی و ڕووحی منی بۆ ڕزگاری هەڵبژارد..

دایکم دەیان ڕووداو نەهامەتی و ئێش و ئازاری پێش ئەنفال و ناو ئەنفال و دوای ئەنفال و ڕۆژگاری نەهامەتی و دەربەدەری و نەبوونی بینی، ئەو هەمیشە ژنێکی بە ئیرادەو بە پێوە وەستاوبوو کە ئەو لەماڵبوو کۆڵەکەیەکی بە پێوە وەستاو پشت و پەناو سۆرزو میهرەبانی ووجودی هەبوو، ئەو کاتەی کۆڵەکەی دایك دەکەوێت بۆ ڕۆژگارێکی دوورو درێژ پشت و پەناو سۆزو عەتف و ئیرادە دەکەوێت، دواجار لەڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا لە 1996/7/12 لە ڕێگەی گوندەکەماندا بە ڕوداوی تراکتۆر دایکم بەجێی هێشتین.. هەمیشە کە بیری دەکەم هەست دەکەم لەو کاتەوە بەشێك لە خۆشەویستی و سۆزو بەشێك لە ئیرادەو وورەو بەشێك لە بەزەییم لەدەستداوە.


وێنای دایك بۆ من و تۆیەکی خوێنەر یەك وێنایە وێنایەك کە ناتوانین بەوشە تەعبیر لەگەورەیی دایکمان بکەین ..



# چەتە و شۆڕش

## هونەر تۆفیق

لە ئەریستۆوە تێپەڕ بە ڕۆسۆ و مارکس و لینین و هەموو موفەکیرەکانی تری شیکەرەوەی شۆڕش ، کەسیان هێندەی ئەریک هۆبسباوم ١٩١٧-٢٠١٢ ی بەریتانی پێداچوونەوەیان بە مانا و چەمکی شۆڕشدا نەکردووە .
هۆبسباوم زۆر بەدیقەتەوە بەناو مێژووی شۆڕشەکاندا ڕۆچووە . ئەو مێژووی شۆڕشەکانی دابەشکردووە بەسەر سێ سەردەمدا . سەردەمی چەتەگەری ( سەدەکانی ناوەڕاست ) سەردەمی پەیدابوونی سەرمایەداری ( شۆڕشەکانی فەرەنسا و بەریتانیا) سەردەمی فیکر ( شۆڕشەکانی چین و ڕوسیا )
چەتەگەرایی لەدیدی هۆبسباومەوە بە شۆڕش دانانرێت .
ڕۆبین هود لە سەدەی یازدەهەمەوە لە دەوڵەت و سیستەمی سیاسی هەڵگەڕاوەتەوە ، دژ بە میرەکانی نۆتینگهام بووە ، پارە و سەرانەی بەچەتەیی لێسەندوون . ئەو مۆدیلەی ڕۆبین هود کە هۆبسباوم لە چەتەگەرایی کۆمەڵگەدا باسیدەکات و لەناو کۆمەڵگەی جووتیارەکاندا دژ بە فیوداڵەکان بەردەوام بووە . بەلای هۆبسباومەوە وەک بەشێک لە پێکهاتەی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگە دەیانبینێت نەک هێزێکی شۆڕشگێڕی سوارچاک . کۆمەڵگە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دابەشبووە بەسەر سێ چینی ( فیوداڵەکان ، جووتیاران ، ئەو چەتانەی نەچوونەتە ژێر ڕکێفی یاسا و سیستەمی سیاسیەوە )
هۆبسباوم وەک بیرمەندێکی مارکسی کاتێک لێکدانەوەش بۆ مێژوو و کۆمەڵگە دەکات ، دیاردەی چەتەگەرایی وەکو ناکۆکیەکی چینایەتی سەرەتایی لێکدەداتەوە کەلەبری گۆڕینی کۆمەڵگە لە قۆناغێکی مێژووییەوە بۆ سەردەمێکی نوێتر ، چەتەکان بە ڕاووڕوت و ملنەدان بۆ یاساکانی دەستەڵات بەردەوامیان بە ناکۆکی و شەڕە چینایەتیەکەیان داوە .
زۆرجار لای کۆمەڵگەی جووتیار ، ئەو چەتانە بە خەڵکی سوارچاک و جوامێر و قارەمان وێناکراون و شایەنی ستایش بوون ، چونکە پێیان وابووە لەپێناو ئەواندا لەدژی فیوداڵەکان بونەتە چەتە . زۆربەی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی لەو قۆناغەدا ( قۆناغی دەستەڵاتی فیوداڵی ) مۆدێلی چەتەگەرایی ڕۆبین هودی تایبەت بەخۆیان هەیە . جوتیارەکان وەکو پاڵەوانی مێژوویی تایبەت بەخۆیان وێنایان کردوون . زۆرجاریش دەستەی چەتەکان لەلایەن دەوڵەتە نەیارەکانەوە لەدژی یەکدی بەکارهاتوون . بەریتانیەکان لە دژی ئیسپانەکان ، قەراسینەکانیان دژ بە هێزیی دەریایی ئیسپانیا و کاسۆلیکەکان بەکارهێنا . هاپسبۆرگیەکان چەتە کرواتیەکانیان دژ بە پاپای ڕۆم بەکارهێناوە . عوسمانیەکانیش پشتیوانی چەتەکانی بەلقانیان دەکرد لەدژی هاپسبۆرگی و ڤینیدیکەکانی ئیتاڵیا .
بەپێ ی پێداچوونەوە مێژووییەکانی هۆبسباوم بۆ شۆڕش ، هیچکام لەو بزوتنەوە چەتەگەراییانە هەڵگری مانا و ئامانجی شۆڕش نەبوون ، چونکە هێزی گۆڕانکاریان بۆ کۆمەڵگە و شێوازی دەوڵەتداری پێ نەبووە . بۆیە ئەو قۆناغە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا نەیتوانی هیچ لەدۆخی ژیانی کۆمەڵگەکان بگۆڕێت . کۆتایی مۆدیلی چەتەکان بەجۆرێک بووە یان لەناوخۆیاندا فەوتبوون و کۆتاییان پێهاتووە ، یان چوونەتەوە ناو هەمان سیستەمی دەستەڵاتەوە و بوونەتە بەشێک لەو فەرمانڕەواییەی کە لەدژی ڕاووڕوتیان دەکرد .










# باوکم هیچی نەدەکرد، کەچی نازانم بۆ هێندە بیری دەکەم

کاتێک منداڵ بووم، وامدەزانی باوک وەک گڵۆپی سەلاجە وایە؛ لە هەمووماڵێکدا دانەیەک هەیە، بەڵام کەس نازانێت کاتێک دەرگەکەی دادەخەیت، گڵۆپەکە چی لێ دێت.
هەموو بەیانیەک باوکم دەچووە دەرەوە، کاتێکیش ئێوارە دەهاتەوە، بە دیتنمان زۆر خۆشحاڵ دەبوو. سەری قوتووی خەیارشۆرەکە تەنیا بەو دەکرایەوە. تاکە کەس بوو دەیتوانی بەتەنیا بۆ ژێرزەمینەکە بچێت. کاتێک ڕیشی تراش دەکرد، ڕووی بریندار دەکرد، بەڵام کەس نەدەچوو ماچی بکات یان بایەخ بەو ڕووداوەی بدات. ئەگەر یەکێکمان نەخۆش بووینایە، ئەو دەچوو لە دەرمانخانە چارەسەری بۆ دەهێناین. بەردەوام سەرقاڵ بوو. دوو ڕۆژ خەریکی قەدی گوڵەکانی ڕێڕەوی خانووەکە دەبوو، کاتێک دڕک لە دەستی دەچەقی، ئازاری دەچەشت، ئێمەش بەلایدا لە دەرگەی پێشەوەی خانووەکە دەڕۆیشتین. هەر ئەو زەیتی لە دەرگەکان دەدا تا خێرا بکرێنەوە. کاتێک بایسکلی بۆ کڕیم، هەر ئەو بوو بەلای کەمەوە هەزار کیلۆمەتر لە تەنیشتمدا ڕۆیشت، تا بەتەواوی فێری لێخوڕینی بووم. کاتێک کارتی ئەنجامی تاقیکردنەوەم وەردەگرت، ئەو واژووی لەسەر دەکرد. هەزاران وێنەی گرتووم، بەبێ ئەوەی لە هیچیاندا خۆی دەرچووبێت. هەموو جارێک تەنافی جلەکانی دایکمی توند دەکردەوە. لە باوکی هەموو منداڵێک دەترسام، باوکی خۆم نەبێت.
ڕۆژێکیان چام بۆ برد. ڕاستییەکەی هەر شەکراو بوو، بەبێ چا، بەڵام لەسەر کورسییە بچووکەکە دانیشت، خواردییەوە و گوتی زۆر خۆشە و زۆریش پێی دڵخۆش دیار بوو.
کاتێک یاریم بە بووکەڵەکانم دەکرد، بووکەڵەی دایە، ئیشی زۆرم دەدایە، بەڵام نەمدەزانی چ ئیشێک بە بووکەڵەی بابە بدەم. وام لێ دەکرد بڵێت: دەچم بۆ ئیش، ئینجا فڕێم دەدایە سەر سیسەمەکەوە.
بەیانییەکی، کاتێک تەمەنم نۆ ساڵ بوو، باوکم هەڵنەستا بچێت بۆ ئیش، چوو بۆ نەخۆشخانە و ڕۆژی دواتر گیانی سپارد. چوومە ژووی خۆم، لە ژێر سیسەمەکەدا بووکەڵەی بابم دەرهێنا، تۆزەکەیم لەسەر لا برد و لەسەر جێگەکەم دامنا.
هەرگیز نەمدەزانی ڕۆیشتنی هێندە ئازارم دەدات، بەڵام تا ئێستەشی پێوە بێت، نەمانی باوکم ئازارم دەدات و بیری دەکەم.

ئێرما بۆمبێک، ڕۆماننووسی ئەمەریکی
وەرگێڕانی: کوردۆ شابان



# لەساڵیادی کۆچکردنی هونەرمەند قادر زیرەکدا

# (1981/7/17 1954 )

هونەرمەند قادر زیرەك وچۆنیەتی دەربازبوونی لەلاسایکردنەوە و گۆرانی ئەمان ساقی وەك نموونە...!

جەمالی دەلاك ...

کورد خاوەنی چەندین هونەرمەندی گەورە و بەتوانایە لەبواری موزیك و گۆرانیدا، کە خۆڕسك و زادەی سرووشتە جوانەکەی کوردستانن و بەبێ هیچ مامۆستا و فێرگەو ئەکادیمیایەکی هونەری مۆسیقا بوونەتە پێشەنگ و دەیان شاکارو بەرهەمی ناوازەیان تۆمارکردووە و ئەمڕۆ بوونەتە ئەرشیف و بەڵام هەمیشە لە یادەوەرییەکانمادا بەزیندوێتی ماونەتەوە و هەرکات گوێبیستیان دەبین بەهەمان شێوەی یەکەمجارچێژ دەبەخشێتەوە بەڕوح و ناخمان ، لەگەڵ ئەوەی دەنگی ئەو هونەرمەندە پێشەنگانەی بواری موزیك و گۆرانی کەبەرهەمەکانیان ڕەسەنن لەبواری میلۆدی و دەنگی خۆشي خۆیان وتێکستەکانیانەوە، فۆلکلۆرن یان هۆنراوەی شاعیرانی کلاسیکی نەتەوەکەمانن کاریگەریي زۆریان لەسەر گوێگر داناوە و هەندێك دەنگبێژ و دەنگخۆش بەڕێچکەی ئەو هونەرمەندانە هەنگاویان هەڵگرتووە بۆ دنیای موزیك و گۆرانی، هەرچەندە لاساییکردنەوە کارێکی ئاسایي و سرووشتییە، تا ئەو دەنگخۆشە ڕێچکەو شێوازێکی تایبەت بەخۆی دەدۆزێتەوە، و بەشێوازێکی تایبەت بەخۆی درێژە بەکاری هونەری دەدات ، بەڵام ئەو فریاد ڕەس و ڕێنوێن و ڕێگا نیشاندەرانە کێن....؟، کە دەستی خەمخۆری و هاوکاری درێژدەکەن بۆ هونەرمەندی دەنگخۆش کەبەردەوامە لەسەر لاسایکردنەوەی گۆرانی گۆرانیبێژانی گەورەی نەتەوەکەمان، ئەگەر ئاوڕێك لەمێژووی هونەری موزیك و گۆرانی کوردی بدەینەوە، زۆرن لەو کەسایەتی و مامۆستا و هونەرمەندانە دەبنە فریادڕەس و دەنگخۆش دەخەنە سەرڕێچکەی خۆیي و ڕێگای دنیای پیرۆزی هونەری موزیك و گۆرانی بۆ ڕۆشن دەکەنەوە، لێرەدا پێم باشە ڕێنوێنیەکی مامۆستا هێمن ی شاعیر بۆ ( محەمەد سەعید نەجاڕ) ناسراو بە ( ئاسۆ) شاعیری ناوچەی موکریان، (ئاسۆ) لە دیمانەیەکدا وەك بیرەوەریی دەیگێریتەوە و دەڵێت ( بۆ شێعری فارسی مامۆستا هێمن لە زەوقی دام ،،،،، لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی (1984ی زاینی) شەوە شێعرێک بە بۆنەی جێژنی لەدایک بوونی پێغەمبەر (د.س) لە بۆکان بەڕێوە دەچوو و مامۆستا هێمنیش تەشریفی لەوێ بەشدار بوو و من بۆ یەکەم جار بە خزمەتی دەگەیشتم.


من لەوێ غەزەلێکی کوردی و شێعرێکی فارسیم خوێندەوە کە دوای تەواو بوونی خوێندنەوەکەم، مامۆستا وەک باوکێکی دڵسۆز فەرمووی: (ئەتۆ بۆچی شێعری فارسی دەڵێی، ئەوان سەعدی و حافزیان هەیە، شێعری تۆیان بۆچییە....؟)، بەڕاستی ئەو قسەیە زۆر مەنتقی وەبەر دڵم کەوت و ئەوجار ئیهتمامێکی زۆرترم بە شێعرە کوردییەکانم دا) (*1)

بۆیە ئەو نموونەیەم خستە بەردییەتان ، مەبەستمە باسێك لەهونەرمەندێکی دەنگخۆشی نەتەوەکەمان و چۆنیەتی دروست بوونی ئاوازێك کەبەدەنگە خۆشەکەی چڕیویەتی، کەبۆهەمیشە ئەو دەنگ و گۆرانییە بەنەمری دەمێنێتەوە.

هونەرمەند قادر زیرەك ( 1954 بێرکۆت _ 1981/7/17)

هەرکات کە گوێبیستی ناوی هونەرمەند قادر زیرەك دەبین بەبێ هەستکردن لەناخ و دەروون و بیرەوەرییەکانماندا گۆرانی ( دورم لەیاران و دوگمەی سینەو لەبنەوار و بازی کوێستانان و ئەمان ساقی ) خۆیان بەبوون دێنن، لەبەر دەنگە خۆش و پاراواکەی هونەرمەند و ئەو تێکست و میلۆدییە پڕچێژانە، ڕاستەوخۆ پەلکێشمان دەکات و کۆپلە بەکۆپلەی تێکستەکە لەگەڵ میلۆدییەکە دەچڕین ، ئەوەش کاریگەری و هۆکاری ئەوەیە کە ئەو کارە هونەرییانە ڕەسەنن و لەنێو بیرەوەرییەکانماندا جێیان گرتووە .

هونەرمەند قادر زیرەك لەتەمەنی لاوێتییەوە هەستی بەوە کردووە کە توانای گۆرانی چرینی هەیەو دەنگی خۆشە، بەڵام لەسەرەتاوە لەژێر کاریگەری قوتابخانە گەورەو مەزنەکەی هونەرمەند وبلیمەتی نەمر ( حەسەن زیرەك ) دا بووە، بەڕادەیەك دەنگ و هونەری زیرەکی نەمر کاریگەری لەسەر قادری دەنگخۆش و بەهرەمەند داناوە، کە زوڵمی لەناوی باوك و باپیری کردووە، بە نازناوی ( زیرەك) ناوی ئەوانی شاردۆتەوە و ئەو نازناوەی کردۆتە ناسنامەیەك بۆ خۆی، واتە بۆتە




( قادر زیرەك )لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکان خۆی گەیاندۆتە ڕادیۆی کوردی بەغدا و وەك گەنجێکی بەتوانا و خاوەن دەنگێکی خۆش و لەژێر کاریگەری هونەرە بەرزەکەی هونەرمەند ( حەسەن زیرەك) چەند گۆرانییەکی تۆمارکردووە وەك ( شەو، کیژۆ مەرۆ جوانی و ئەی بەناز) .

هونەرمەند جیا لەبەهرەی دەنگخۆشییەکەی، کەسێکی کوردپەروەر و دلسۆز بۆ خاك و نیشتمانەکەی و بەکردەوەش خەباتی بۆکردووەو بەرگی پیرۆزی ( پێشمەرگە ) شی پۆشیوە و لەشۆرشی ئەیلول دا وەك پێشمەرگەیەك خەباتی کردووە لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیي گەلەکەیي و وڵاتەکەی، قادر زیرەك لەدوای گەڕانەوەی لە ئێران لەساڵی (1976) لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر دەبێتە فەرمانبەر، بەڵام ئەوخولیا زۆرەی لەسینەو مێشکیدا بۆ هونەر بەردەوام هانی دەدات کە لەوڕێگا هونەرییەدا ڕێبوارێکی بەئەمەکی هونەر و هونەری زیرەکی نەمر بێت ، قادر زیرەك دەبێتە ئەندامێکی کارای تیپی هونەرە میللیەکانی شاری هەولێر و بەشداری چالاکییە هونەرییەکانی ئەو تیپە دەکات و زیاتر لەسەر لاساییکردنەوەی بەرهەمەکانی هونەرمەند حەسەن زیرەك بەردەوام دەبێت .

لەڕێکەوتی (2020/12/22) لەخزمەت نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر وسەرنووسەری گۆڤاری ( ڕامان ) کاك ( ئازاد عەبدولواحید) دابووم، دوای دەمو دوویەکی هونەری و ئەدەبی باسەکەمان هاتە سەر هونەرمەند ( قادر زیرەك)و کەسایەتی و بەرهەمە هونەرییەکانی لەو ماوە کەمەدا کە بووەتە پێشەنگ و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گوێگردانا و لەنێوەندی هونەری موزیك و گۆرانی کوردیدا جێي خۆی بکاتەوە، بۆبەرچاو ڕوونی و زانیاری ووردتر لەسەر هۆنراوەیەك کە بەدەنگی هونەرمەند خوێندراوە و پرسیارم لە کاك ئازاد عەبدولواحید کرد.

کاك ئازاد لەو دیدارەدا لوتفی کرد زانیاری لەسەر ( گۆرانی ئەمان ساقی ) و چۆنیەتی دیداری خۆیی و قادرزیرەکی پێدام، سەرەتا زۆر بەجوانی و بەئەمانەتەوە باسی لەکەسایەتی و دڵسۆزیي و کوردپەوەری قادر زیرەك کرد، وەهەروەها ئاستی دەنگخۆشیي وتوانای هونەری خستە ڕوو،

لەبەشێکی دیدارەکەدا کاك ئازاد فەرمووی ( لەدوای نسکی 1975 بارودۆخێکی زۆر دژوارلەکوردستان سەریهەڵدا ، بەڵام خۆش بەختانە هونەرمەندان و تیپە مۆسیقییەکان بەگوڕو تینێکی زۆر و بەهیوا و ئامانجێکی ڕۆشنەوە بەرپەرچی ئەو نائومێدي یەیان دایەوە و زۆر زوو کەوتنە چالاکی هونەری، ئەو کاتەش هونەرمەند ( حەمە جەزا) لەهەولێر بوو، بەردەوام چالاکی هونەری موزیك و گۆرانی لەیاریگای هەولێر ( مەلعەبەکە)ئەنجام دەدرا، زۆر جاردەبووە جێی ڕامان و سەرنج ئەو هەمموو جەماوەرە چۆن کۆدەبووە و بەشەوق و دڵگەشییەکەوەبەشداردەبوون لەوئاهەنگانە، هونەرمەند قادر زیرەك یش بەشداردەبوو، بەڵام بەردەوام ( تەقلیدی حەسەن زیرەکی دەکردەوەو گۆرانییەکانی زیرەکی دەخوێند تەنانەت نازناوی زیرەکی بۆخۆی دانابوو)، ئەوکاتە قادر زیرەك لە دایرەی کشتوکاڵ بوو، منیش کارمەندبووم لە شارەوانی و گەشت وگوزار، ئەو دەهاتە دایرەکەی ئێمەو لەوێوە یەکترمان ناسی ، جارێك پێم وت : کاك قایەر کاتی نەهاتووە ئەو دەنگە خۆشەت هەیە، واز لەلاسایکردنەوە بهێنی چونکە ئەوە هیچ ئیزافەیەك بۆ تۆناکات، هەتا ئێوارە تۆ ئەو گۆرانییانە بە (ئیبداع) یشەوە بڵێي هەرئەڵێن تەقلیدی حەسەن زیرەك دەکات، وتی ئەی چی بکەم .....؟!

وتم باشترین چارەسەر ئەوەیە تۆ شیعری گۆرانی پەیدابکەی و بچیتە لای ئاوازدانەرێك ئاهەنگی لەسەر دابنێن، وتی گرفتەکەم ئەوەیە شیعرم بۆ پەیدانابێت...!

وتم ئەوەیان لەسەر من، شیعرت بۆ پەیدا دەکەم.

ساڵی 1976 من کتێبی ( ئەختەر ....شاعیری جوانی و دڵداری ) یم چاپکردبوو، کاك ( جیهان بەخش کۆیي) لەشەقامی مزەفەرییە لەپێشەوە، تۆمارگای هەبوو بەناوی ( تۆمارگای خەیام ) برادەرمان بوو زۆرجار سەردانمان دەکردو و کاسێت و بەرهەمی هونەرمەندانمان لێدەکڕی، منیش بەڵێنم بە هونەرمەند قادر زیرەك دابوو تا هۆنراوەی بۆ پەیدا بکەم، دانەیەك لەو کتێبەی ئەختەری شاعیر خستمە زەرفێکەوە لەلای کاك جیهانبەخش بۆم دانا و ئەو هۆنراوەیەش ( ئەمان ساقی ) یم بۆدیاریکردبوو، لەبەرئەوەی ئەو هۆنراوەیە زۆر شیاوە بۆ گۆرانی، چونکە ئەختەر جیا لە شاعیری، ئاواز دانەریش بووە، چونکە دیوەخانەکەی لەکۆیە هەمیشە پڕ بووە لە شاعیر و دەنگخۆش وگۆرانیبێژ و ئەدیب ، قەتارچییەکان لەموکریانەوە ڕوویانکردۆتە کۆیە سەردانی دیوەخانەکەی ئەختەرییان کردووە، وەهیچ ئاوازێك لەوێ دەرنەچووە لەژێر نیگای رەخنەیی ئەختەر تێنەپەڕیبێت، بۆیە ئەو هۆنراوەیەم بۆ دەستنیشانکرد لەگەڵ خوێندنەوەیدا

هەستم دەکرد مۆسیقایەکی تیایە، دوای ئەوەی کاك قایەر ( قادر زیرەك) کتێبەکەی لەکاك جیهانبەخش کۆیي وەرگرتبوو هۆنراوەکانی خوێندبۆوەو، زیاترئەو هۆنراوەیەی بۆم دەست نیشانکردبوو، دوای چەند ڕۆژێك یەکترمان بینییەوە، وتی باشە من چی لەو هۆنراوەیە بکەم و بیدەم بەکێ ...؟

منیش وتم کاکە لەشاری هەولێر دوو پیاوی جوان و دوو هونەرمەندی بەتوانا و بەرچاو و سەرکەوتوومان هەیە ئەویش هونەرمەندان ( ڕزگار خۆشناو و وریا ئەحمەد) کە هەردووکیان ژەنیاری ( عود) ن و ئاوازدانەریشن،

دوای پێشنیارەکەم کاك قایەرهۆنراوەکەی بردبوو بۆ لای هونەرمەند ( ڕزگار خۆشناو)، کاك رزگاریش بەپەرۆش و دڵسۆزییەوە هاوکاری کردبوو ئەو ئاوازە خۆشەی لەسەر ئەو هۆنراوەیە ( ئەمان ساقی) دانابوو ، دواتریش هونەرمەند ( وریا ئەحمەد) ئاوازی لەسەر هۆنراوەیەکی (نالی) بەناوی ( دوگمەی سینە)بۆدانابوو.(2*)

لەساڵی (1978) ( تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی هونەری هەولێر ) بۆئەنجامدانی تۆمارکردنی بەرهەمە هونەرییەکانیان لەتەلەفزیۆنی ( بەغداد) کارە هونەرییەکان بۆیەکەم جار بەشێوەی ڕەنگاو ڕەنگ ( ملون) تۆماردەکرێت، هەردوو تیپە جوان و سەرکەوتووەکەی کوردستان ( تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی هونەری هەولێر ) چەندین بەرهەمی جوان و ناوازەیان تۆمارکردبوو، لەبەرهەمەکانی تیپی هونەری هەولێر، کە گۆرانیان بۆ چەند هونەرمەندێك لەو ساڵەدا لەتەلەفزیۆنی بەغداد تۆمارکردووە وەك ( حەمە جەزا ، سەلاح محەمەد، قادر کابان ،عارەب عوسمان ،سامان محەمەد ، کاوە ژاژڵەیي ، ئیبراهیم سابیر و قادر زیرەك )

دوای تۆمارکردنی ئەو گۆرانیانە و بڵاوبوونەوەی دەنگ و ڕەنگی هونەرمەندان لەتەلەفزیۆن وهەروەها بەشێوەی کاسێت لەتۆمارگاکان،

زۆر بەزوویی دەنگی خۆشی هونەرمەندان و کارە هونەرییەکانی تیپی هونەری هەولێر بووە جێی ستایش و خۆشحاڵی بینەران و گوێگران ،

کاك ئازاد عەبدولواحید ئاماژەی بەدوا سەرنجی خۆی دا و ، دوای بڵاو بوونەوەی ئەو گۆرانییانەی هونەرمەند قادر زیرەك ( دوگمەی سینە و ئەمان ساقی) وتی : کاك قایەر هات بۆلام و وتی حەتمەن گۆرانیەکانت بینیوەو گوێبیستی بوویت، ئێستا چیم پێ دەڵێیت : منیش پێم ووت ئێستا پێت دەڵێم دەستخۆش و ڕێگای هونەری خۆتت دۆزییەوە ، ئەگەر بەوشێوەیە بەردەوام بیت کەسایەتی خۆت دەدۆزیتەوە و دەبیتە هونەرمەندێك بەستایل و شێوازی دەنگی خۆت، هەروەها پێشم وت کاشکی کەئەو شیعرەی (نالی ) تان تۆمارکرد ، یەکێکی شارەزا لەئەدەبیاتی کلاسیك بەتێکستەکەدا بچووایەتەوە و فێری بکردیتایە، چونکە لەگۆرانییەکە دا وشەیەك بەهەڵە دەڵێیت ( شەرابی لەعلی ڕۆمانی ) ئەوە ڕۆمانی نییە بەڵکو(ڕوومانی) یە ، وتی ئاخ لەکیسم چوو مەگەر جارێکی تر تۆماری بکەمەوە ، وتم کاکە هەرکات بیرت لەوە کردەوە تۆماری بکەیتەوە ئەو هەڵەیە چاکبکەرەوە) (3*)

دەنگی هونەرمەندی کۆچکردوو (قادر زیرەك) دەنگێی خۆشی کوردییە، کاریگەر لەسەر گوێگرو بیسەر دادەنێت و بەشێوەیەکی جوان ئەدای تێکست دەکات، دەنگی هاوتەرییە لەگەڵ هونەرمەندانی موزیکژەن، هەرچەندە ئەو هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەهونەرییە کاری مامۆستایانی هونەرمەندی مۆسیقایە.

دەبێت ڕۆڵ و توانای بەرزی هونەرمەندانی ژەنیار کە هاوکارو پشتیوانی هونەرمەندان بەگشتی و هونەرمەند قادر زیرەك بوون بەرز بنرخێنین و سوپاسگوزاریان بین ، بەتایبەت هەردوو هونەرمەندی ژەنیار ( وریا ئەحمەد و ڕزگار خۆشناو )سەبارەت بەو دووميلۆدییە خۆش و پڕچێژەی بۆ هونەرمەندی کۆچکردوو قادر زیرەکیان داناوە .

تێکستی هۆنراوەی گۆرانی ( ئەمان ساقی)


هۆنراوەی ( ئەختەر) ئەمین ئاغای کوڕی بەکر ئاغای کوڕی محەمەد ئاغای حەوێزییە ، ساڵی (1839) لە گەڕەکی بەفری قەندی لە کۆیە لە دایکبووە، لە ساڵی (1888) لە کۆیە کۆچی دوایی کردووە)



ئاوازی : ڕزگار خۆشناو
ئەمان ساقی دڵی شەیدا ، لەجەوری دیدە غەمگینە
لەنەشئەی چاوەکەی مەستت پیاڵە پڕکە بۆم بینە
فیدای چاوی سیاهت بوو ، کە هۆشم بووئەویشم چوو
بەتاراجی نیگاهت چوو ، ئەگەر عەقڵە و ئەگەر دینە
لەهیجری قامەتی سەروت وەکو قومری بەڕۆژ و شەو
لەباغی زیندەگی پیشەم هەمیشە ئاهوو ناڵینە
ئەگەر مەقصودەکەت مەرگی منە ، فەرماندە تا بمرم
لەتۆم ڕوح چاو نی یە ڕۆحم ، لەبەرچی ئەم ڕق و کینە
بەداغی عەشقی ڕوخسارت وەها لەت لەت بووە جەرگم
وەکو لالە هەموو ئەعزام بەخوێنی دیدە ڕەنگینە
لەگوێ ، قەولی ڕەقیبان چاکە نەگری تاکو ڕوح ماوە
لەسینەم خاری هیجرانت بەدەستی وەصڵت دەربێنە
گوڵم سووچم چ بوو چاوەکەت بێ ڕەحم و مروەت بوون
دەخیلت بم عینایەت کە کە _ئەختەر _ زار و مسکینە

سەرنج / هۆنراوەکە (7) کۆپلەیە ، بەڵام هونەرمەند (6) کۆپلەی خوێندووە دوا کۆپلەی نەخوێندووە ،
هونەرمەند قادر زیرەك دەڵێت (وەکو لالە هەموو گیانم بەخوێنی دیدە ڕەنگینە) واتە وشەی (ئەعزام ) گۆڕیوە بە ( گیانم )
جەمالی دەلاك 2020/12/24 هەولێر.


سەرچاوە (*1) دیدار ( هاژە لەگەڵ ئاسۆ _ محەمەد سەعید نەجار) لەتێلیگرامی ئاسۆی شاعیر
(*2 و *3) دیدار لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنوس بەڕێز ئازاد عەبدولواحید لە 2020/12/22





## بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو ،کلاوڕۆژنەی نیشتیمان
ساڵڕۆژی گەشمردە بونی کاکە سالاری شێخ لەتیف ناسراو بە سالار بەیانانی بەخێر ١٩٨٧/٠٧/١٤
کاکە سالار ساڵی ١٩٦٩ لەنێوان سەرسیرو سورکێو و گمۆ لەگوندی بەیانان چاوی بەعەشقی ژیان هەڵهێناوە لەو دامەنی ئەوینە لەو بنارە پڕ خورەو سرتەیەدا بەو سۆزە پڕ عەشقەی چەمی سیوەیل بە سۆزی نیشتیمان ئاشنا بووە و خوێنی بە خۆشەویستی نیشتیمان ئاوێزان ئەبێت دەبێتە هەڵۆیەکی یاخی ئەو دەڤەرەو ڕقی پیرۆزی کوردستان ، بۆیە هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە ئەکەوێتە کاری نیشتیمانی و لەساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی دەکات بەڕیزی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو یەکێتی نیشیمانی کوردستانەوەو چالاکانە دەکەوێتەوە بەر فەرمان و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی شۆڕش و تێکۆشەرانە لە هەڵوێستی جوانی نیشتیمانیدا کار دەکات و دواتریش لەساڵی ١٩٨٦ ئەبێتە پێشمەرگە لەکەرتی یەکی تیپی ٣٧ ی شارباژێر ،لەتەمەنی پێشمەرگایەتی دا بەشداری هەموو ئەو ئەرک و چالاکیانە دەبێت کە کەرتەکەی و شۆڕش پێدەسپێرن ،کاکە سالار نمونەی جوانی ڕەوشت بەرزی و پیاوێکی شەرمنی لەسەرەخۆ و بەڕێزو خۆشەویستی ناو خەڵک و پێشمەرگە بووە ،تا دوا ساتەکانی ژیانی ،بەڵام زۆر بەداخەوە هەر زوو دوا بزەی پێچایەوەو بەجێی هێشتین ،کاکە سالار لەکارێکی پێشمەرگانەی بە تۆپ باران لە شانەخسێ ناوچەی ئالان بناری گمۆ چووە کاروانی نەمرانەوە لە ڕێکەوتی ١٩٨٧/٠٧/١٤ هەر لەوێش بەخاک سپێردرا هەزار یادت بەخێر ڕەوانت شاد /ڕزگارەسوور



# جەژنـانە

## مەلاشاخی

جەژنی قوربانی ساڵی  1974 بوو..
پێم وابێ ڕێکەوتی 23 ـ 12 ـ 1974 بوو ,
ئەوسا من پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و
لێپرسراوی جبەخانە(مشجب)ی
هێزی رزگاری بووم. بارەگاکەمان لە بەرگەڵوو,
لەئەشکەوتێك دا..
لەخوارەوەی دەستی ڕاستی تاڤگەکەوە بوو.
دوای(ئاشبەتاڵ) تەقاندمانەوە,
ئێستایش شوێنەواری هەر دیارە.
پێشمەرگەکانی هاوڕێم دەستەیەك بوون,
بەبڕیاری هەڤاڵ(سیروان نەورۆڵی)
فەرماندەی هێز و لەبەر پێویستی بەتالیۆن و
لقەکانی بارەگای هێز بەچەك و تەقەمەنی..
دەبوو ئەوجەژنە لانی کەم خۆم و
حەوت پێشمەرگە لەئەشکەوت و
دوور لەکەسوکار جەژن بکەین..
ڕۆژی عارفە پێداویستی خواردنی
ڕۆژی جەژنەم لە
(گۆشت وبرنج و قەیسی و ڕۆن و فاسولیا...)
لەئیدارەی هێز لە کاك (عبدالقادربەرواری )وەرگرت.
بەیانی بەهاوکاری خەفەر
خۆم کەوتمە ئامادەکردنی نانی جەژن.
هەموو خواردنەکانمان لەسەر سفرە ئامادەکرد,
داوامان لەهەڤاڵان کرد
ئامادەی سەر سفرەکەبن و
دوای جەژنەپیرۆزە کردن
نانی جەژنە پێکەوە بخۆین..
هەموو کۆبووینەوە تەنیا هەڤاڵ
(غفوراحمد مەلا سورداشی)دیار نەبوو,
ئێ خۆ نەدەکرا بێ ئەوە نان بخۆین..
داوم لەهەڤاڵان کرد بیدۆزنەوە و
ئامادەی جەژنەپیرۆزەو نانخواردنەکەببێت..
سەر ڕووبارەکە وچەپ و ڕاستی
بارەگاکە گەڕان,نەیاندۆزییەوە,
لەسەر کەپکەشاخێکەوە سێ جار بانگم کرد:
ـ هۆ هۆ کاك غەفوور هۆۆۆ..
هیچ وەڵام وسۆراغێکی نەبوو,
یەکدوو هاوڕێ ڕایان وابوو
ئێمە جەژنەپیرۆزەبکەین و نان بخۆین و
بەشی کاك غەفووریش بەزیادەوە
هەڵبگرین.. هەتا دێتەوە..
بەڵام من بەوەپێشنیارە ڕازی نەبووم,
دووبارە هەموو کەوتینە گەڕان بەدوایدا,
دووهەڤاڵ بەرەو سەرشاخ هەڵکشان,
لە بن دەوەنێکدا دۆزییانەوە,
بانگیانکرد: دۆزیمانەوە..دۆزیمانەوە..
ئەوتا کاك غەفوور والێرەیە..
زۆریان هەوڵ لەگەڵ دابوو بێتەخوارەوە
بۆ جەژنەپیرۆزەو نانخواردن..
بەڵام ئەو بەدەم نسك و
قوڕگی پڕگریانەوە گوتبووی:
(نان ناخۆم..جەژنی چی..؟
فەرموو ئێوە بڕۆن
جەژن بکەن و نانی خۆتان بخۆن..
بەناچاری خۆم چووم بەشوێنیدا,
ویستم بیهێنم بۆ سەرسفرەکە
بەڵام پاڕایەوە کە جێی بێلم..
گوتم کاك غەفوور گیان
نیگەرانی ناوێت
ئێمەش وەك تۆ ئەم جەژنە
دوورین لە خزم وکەسوکارمان..
فەرموو لەکەلی شەیتان وەرەخوارەوە..
ئەمجارە زۆر بەکوڵتر
دای لەهۆڕەی گریان و گوتی:
کاکە جەژنی چی..؟
من ئەم بەهارە ژنەکەم و منداڵەتاقانەکەم و
دووکچی شەش حەوت ساڵانی
خزمی خێزانەکەم
بەرناپاڵمێکی فڕۆکە سیخۆکانی
ڕژێم کەوتن و شەهید بوون..
ئیتر من چۆن بتوانم
بێ ئەوان جەژن بکەم..
هێمن هێمن و لەسەرخۆ
کەوتە گێڕانەوەی  ڕووداوەکە ..
ـ ئێوە ئەشێ لە خۆشەویستی نەگەن..
من چەندساڵێك بوو کچێکم
بەپاکی خۆش دەویست,
داب ونەریتی کۆمەڵایەتی
ماوەیەك کۆسپەبوون لەبەر دەمماندا,
ساڵی 1973 ئەو کۆسپانە لاچوون,
من  و (مریم عبدالکریم)
هاوسەرگیریمان کرد,
پاش دە مانگ هاوسەرم
لەسەر ڕۆژ وساتی خۆی بوو
تا نۆبەرەمان چاوهەڵبێنێت ..
ئێوارە بوو(مەسئول)ی گوند
ناردی بەدوومدا..کەچووم گوتی :
سبەی بەیانی نۆبەی تۆیە
دەبێت بارێك دار ببەیت بۆ بارەگای
پێشمەرگەکان لە (قەمچووغە)
منیش هەر تاریك وروون بوو
بارەکەم بارکردو ڕۆیشتم,
پسوولەم وەرگرت و گەڕامەوە.
بەرلەوەی بگەمەوە ماڵ
دووکیژۆلەی خزمی خۆم وخێزانم
هاتنەپێشوازیم..
لەدوور ڕا زانیم هەواڵێکیان پێیە..
کەنزیك بوونەوە هاواریان کرد:
( خاڵە ..! خاڵە..
مزگێنیمان دەوێ ..
کوڕێکتان بووە...
منیش زۆر دڵخۆش بووم و
هەر یەکی بڕی(شەش پەنجایی)م
کردە ناو دەستیان و هەر بەغاردان
کەوتنەوە پێش من و
چوونەوە بۆ ماڵ ..
تا هەواڵ بەرنەوە کە گەڕاومەتەوە.
بە بەر دەمی مزگەوتدا تێپەڕم کرد,
کۆمەڵێك پیر ولاو لە بەردەم مزگەوت بوون..
پێشیان لێگرتم و نەیانهێشت بڕۆمەوە ,
وەك داب ونەریتی سەردەم
داوایان کرد گوێزەبانە..
چایەکیان بۆ ساز بکەم..



منیش دوولاوی گورج وگۆڵم نارد..
چوون شەکر وچایی وزۆپای کون کون و
سوتەنییان هێنا..
چێشتەنگاو بووچامان لێنابوو,
خریکی شۆرینی پیاڵەکان  بووم..
لەپڕ یەکێك هاواری کرد:
ـ ئۆ هۆی خەلکی ئاوایی وریابن ..!
فڕکە هات..فڕۆکە هات..!
بینیم دووفڕۆکەی سیخۆی
لە لای شاخی پیرەمەگرونەوە و
بە بناری شاخدا بەرەو سورداش دەهاتن..
هەرکە گەیشتنە ئاسمانی ئێمە
هەریەکە و دووبۆمبیی ناپاڵمی
جۆری(ئەناب)یان بەردایەوە..
بەم چاوانە چاوم لێ بوو..
یەك لەناپاڵمەکان
لەسەربانی ماڵی ئێمە کەوتەخوارەوە و
کردی بەڕۆژی حەشر..
فڕۆکەکان کەتنی خۆیان کرد و
یەکسەر ڕۆیشتن,
خەڵك بەرەو ماڵی ئێمە ڕۆیشتن,
خانووەکان ڕووخابوون,
شوێنەواریان هەرلەتەپۆلکەیەك دەچوو,
ژن وپیاو گەورە و بچووك ,بەبێڵ وپاچ..
کەوتنە هەڵدانەوەی دار و پەردوو,
تا کەسێك 50 کیلۆغرام خۆڵی لادەبرد,
من 10 کیلۆم هەڵدەدایەوە,
دەی خوایەگیان..
بەڵکو فریایان بکەوم و
بەزیندوویی دەریان بێنینەوە,
دەستێکی مریم بەدیار کەوت,
ئەڵقەی بوکێنیەکەی کزەی لەجەرگمەوە هێنا..
دەستم لەسەر دەماری دەستی دانا
هاوارم کرد: (بێ دەنگ بن ..!)
نەخێر بێ سوودبوو,
دڵی لەلێدان کەوتبوو..
لەپاڵیا بێژنگێکی تێل بەدەرکەوت..
دەی خودایە جگەرگۆشەکەم,
ئەویش زیندووما‌بێت یادگاریمانە..
نەخێر چیم بینی..؟
ئێسك وپروسك ودەست وپەنجەی ناسکی
لەگەل کەمەی دار و
تەلی بێژنگەکە تێکەڵ بووبوون..
ئەوانمان دەرهێنا..لەپڕدایکێك هاواری کرد..
رامەوەستن..!
هێشتا دوو تەرمی تر لەژێر خانووەکە ماون..


لەهەمان ژوور و لەپاڵ مناڵە کەدا
تەرمی هەردووکیژۆلە
(سێوە فەقێ عزیز)و
(گێلاس عبدالله محمد)مانیش دۆزیەوە..
هێشتا پارەکانیان خەرج نەکردبوو،
هەریەکە و چەند (درهەم)ێك
لەنێو مشتیاندا لەخوێندا سووربووبون،
ئەوانیش گیانیان سپاردبوو...
ـ كاك شاخی گیان ..! قوربانی خوابم..!
جەژنی چی..؟
دڵنیابە من  جەژنە ناکەم..
بەدیارییەوە تەمی خەفەت دای پۆشیم..
پێنووسەکەم
( کە قەوان و فیشەکێك بوو
ناویانم کۆڵی بوو
نووکی قەلەم جافێکم تێکردبوو)،
دەرهینا و شیعری(جەژنانە)م نووسی و
بۆ هەڤاڵانی ئەشکەوت وهێز
بە پێشمەرگەیەك داناردم .
منیش بڕیارم دا
لەگەڵ ئەودا جەژن نەکەم ..
چەندین ساڵ بوو هەوڵم دەدا
سۆراغی ئەوکاك (غەفوور)ە بزانم .
بەداخەوە بێ سوودبوو
تا ئەم ساڵ  2022 بەر لەجەژن
ویستم بابەتێکی لەسەر بنووسم..
بەڵام پێویستم بەناوی سیانی
کاك غەفوور و شەهیدەکان هەبوو
زۆر سوپاس بۆ برای بەڕێزم
کاك (مەلابەکر جاسەنەیی)
دڵنیای کردمەوە کە غفۆری هاوڕێم
لە ئەیلوولی 1999 کۆچی دوایی کردووە .
دەربارەی ناوی سیانی شەهیدەکانیش
کۆمەلێك زانیاری بۆناردم ..:
جەژنانە  *
ئەی هەڤاڵان ..
قەت پێم مەڵێن ( پیرۆزە) .
کەڕیشەی دڵ لەداخاندا ئاڵۆزە .
جەژنە..ناکەم،
چونکە دڵم غەمگینە.
هیچ بەجەژنەی نازانم،
ماتەمینە
ساڵان...خەڵکی،
لەرۆژی جەژنە شادبوون.
لەبۆ سەیران ،
لەکوردستان ..ئازادبوون.
کەچی ئەمساڵ،
لەجێ ی سەیران ماتەمە.
سەران سەری نیشتمان
هەورو تەمە...

قوربانی1974بەرگەڵوو
.................................
* ئەم شیعرە هەر ئەورۆژە،
لە(تایپ)ی(هێزی رزگاری)
لەلایەن کاك(حاجی امین سەقزلی)
چاپ وبڵاوکرایەوە.
** لە ژمارە (9)ی گۆڤاری شەهید
لەنەورۆزی 2000 دابڵاوکراوەتەوە

# کێشەی کورد و ئاییندەی کوردستان

**دوکتۆر حوسێن موحەممەد عەزیز**
**نووسەر و مامۆستای زانکۆ**

پێش هەموو شتێ دەبێ، ئەوە زۆر باش بزانین، کێشەی کورد، کێشەیەکی ئایینی نییە و هیچ پێوەندییەکیشی، بە کێشەی جیاوازیی نێوان، هەردوو ئایینزای سوننە و شیعەوە نییە. بەڵکوو بە کێشەیەکی نەتەوەیی و رامیاریی، نەتەوەیەکی خاك داگیرکراو و دابەشکراوی بێ دەوڵەتی، پتر لە (40) میلیۆنی دەژمێررێ. نێوەرۆکێکی ئاشتیخوازانەی رزگاریخوازانەی پێشکەوتووخوازانەی دێمۆکراسیخوازانەی هەیە.
ئامانجی ستراتیژیی دووری، خۆی لە دامەزراندنی دەوڵەتیکی نەتەوەیی سەربەخۆدا دەبینێ. تا نەتەوەی کورد، لە دەم گوورگی هار و چاوبرسی، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی (کوردستان) قووتارکا. لە تواندنەوە و تۆوبڕکردنی رەگەزیی بیپارێزێ، لە نێوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا، جێپێی خۆی بکاتەوە، شانبەشانی نەتەوەکانی عەرەب، توورک، فارس و دەوڵەتەکانیان، بەشداریی لە کاروانی ژیاریی، پێشکەوتنی باری ئابووریی و کۆمەڵایەتی دواکەوتووی، گەلانی نێوچەکەدا بکا. لەبەرئەوە هەر نەتەوە و دەوڵەتێ، باوەڕێکی تەواوی، بە مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد هەبێ، بە دۆستێکی گەورەی نەتەوەی کوردی دەزانین و بەپێچەوانەشەوە، هەر ڕاستە!
هەروەها، گرفتی سەرەکی نەتەوەی کورد، تەنیا هەر کێشەی نێوچەیی، جوگرافیایی و هەڵکەوتی جیۆپۆلێتیک نییە، وەک سەرکردایەتی پارتەکانی (کوردستان)، چەندین ساڵە، مێشکی رۆڵەکانی نەتەوەی کوردیان، پێوە خەریکردووە. بەڵکوو بەشێکی هەرە زۆری، بۆ گرفتی رۆڵی سەرکردەی شیاو، سەکردایەتییەکی ژیر و بە توانا دەگەڕێتەوە، پاشان گرفتەکانی دیکە دێن!
20 .7. 2022







# کامەران کارگەچی

## ئەزموونێکی خۆڕسکانەی شێوەکارییە

### بەختیار سەعید

ئەگەر بڕوانینە سەرەتاکانی کاری هونەریی لەسەر ئاستی نەتەوە جیاوازەکان ئەوە گەشەسەندوێتی هونەریی نیگارکێشان لەسەر دەستی ئەو کەسانەی کە بە شێوە ئەکادیمییەکە هونەریان نەخوێندووە ریزبەندیکراوە، بەڵکو دواتر کارەکانی ئەوان بووە بۆتە هۆکار بۆ گەشەسەندوێتی هونەریی نیگارکێشان و نیگارەکانیان بوونەتە سەرچاوە بۆ دەیان هەزار نامەی خوێندنی باڵا لەناو زانکۆ جیاوازەکانی جیهان.

لەباشوری کوردستانیش بەهەمان شێوە لەپاڵ بوونی سەدان شێوەکاری ئەکادیمی چەندین شێوەکاری خۆڕسك هەیە کە توانیوویانە قۆناغە جیاوازەکانی سەرکەوتنیان لە تەکنیکەکانی کاری شێوەکاری تێپەڕاندووەو ئێستاش ناوێکن لەناوە دیارەکانی ناو مێژووی هونەریی شێوەکاریی لە باشوری کوردستان، کە دەکرێت هونەرمەندی شێوەکار (کامەران کارگەچی) یەکێك بێت لەو شێوەکارانەی کە لەهەناوی خێزانێکی هونەریدا گەشەیکردووەو بۆ ئەو ئاسانتربووە ئەو قۆناغانەی گەشەکردن لەکارە هونەرییەکانیدا ببڕێت چونکە ئەزموونێکی دەوڵەمەندی هەبووەو لەهەمانکاتدا بەدرێژایی ئەو چەندین ساڵەی رابردوو بەشدارییەکی راستەوخۆی زۆرێك لە پیشانگە هاوبەشەکانی ناو کوردستان و دەرەوەی کوردستانی کردووە.

ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ قۆناغەکانی بەرەو پێچوونی نیگارکێشان لەلای (کامەران کارگەچی) ئەوە دەکرێت لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردووەو دەستپێ بکەین، ئەوە کارە بەشداربووەکانی ئەم هونەرمەندە هەروەکو زۆرێك لە شێوەکارەکانی تر پۆرترێت و سروشت بەشێکی گرنگی ئەو تەمەنە بووە بەڵام چۆنێتی ئاشنابوونی بە کاری هونەری هونەرمەند دەڵێت ( پیشەی کارگەچێتی یەکێکە لە هونەری تەلارسازی و نەخشەسازی و هونەریی دەستی... هەربۆیە لە بنەماڵەکەماندا رەنگی داوەتەوە، باوکم وەستای بنیاد دروستکردن و نەخشاندنی تاقی سەر پەنجەرەو دەرگای ماڵان و لە نەخشی سەر دیوارو دروستکردنی زەخرەفەی سەر فەرش و لبا دەورێکی باشی بینیووە لە هونەری وێنەکێشانی سەر بۆراق و نەخشی لباو فەرش و کومبارداو هۆنینەوەی مورو لەسەر جاجم و دروستکردنی زینی مورو و گۆپکە گوڵ بە چنین زۆر زیرەکانە جوانکاری تیا کردووە، هەربۆیە ئەم هونەرە لەناو براکانم و خوشکەکانم لە هونەریی نەخشەکێشان و شیعرو گۆرانی باڵی کێشاوە بەسەرماندا)کەواتە پاشخانێك هەیە بۆ بیرکردنەوەو تەنانەت چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ رەنگ و تەنانەت بابەتەکانیشدا چۆن بکات، هەموو ئەوانە ئاوێتەی پیشەکەی خۆی کە پاراستن و گەشەکردنی باخچەکانی سلێمانییەو خۆشەویستی بۆ ئەو دنیایە لەئێستادا بووتە بابەتی سەرەکی ناو تابلۆکانی، هەربۆیە ئەگەر بڕوانینە تابلۆکانی ئەم چەن ساڵەی دوایی و تا ئەم پیشانگە نوێیەی کە دەبێتە شەشەمین پیشانگەی تایبەت، واتا شەش ئەزموونی تایبەت دنیای نیگارکێشی ئەم شێوەکارە لەخۆدەگرێت، هەربۆیە نیگارەکان لە وەرزە جیاوازەکان و نیگاری دارو دەرختە جیاوازەکان و نەخشاندنیان تواویێتی زۆرترین پانتایی ناو تابلۆکان بۆ خۆی داگیر بکات و دەکرێت بوترێت تا ئاستێکی زۆر باش سەرکەوتنی بەدەستهێناوە





کامەران کارگەچی) هەرگیز ئەو کاریگەرییە گەورەیەی خێزانەکەی لەسەری وەکو هونەرمەندێك و بینینی ژیان بەجوانی و بەتابلۆیە ئەوە راستییەکەو نکۆڵی لێناکات و دەڵێت (منیش لەم هونەرە بێ بەش نەبووم هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ کاری خوێندن و وەزیفی خۆم پەرەم بەو کارە پیرۆزە داوە کە هونەریی وێنەکێشانە بە نەخشاندنی تابلۆو هۆنراوە بەردەوام خۆم بۆ ئامادەکردووەو هەوڵم زۆر لەگەڵداوە تاکو ئەو نەریتەی بنەماڵەکەمان بەردەوام بێت بۆ ژینگەیەکی جوانی خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەم).

ئێستاش لەبەردەم شەشەمین ئەزموونی ئەم شێوەکارە دەوەستینەوە کە ئەزموونێکەو رۆژی 2022/6/15 لە مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سورەکە بۆ ماوەی 4 رۆژ نیشان دەدرێت و لەهەمانکاتدا بەندە کوراسەیەکی بۆ ئامادەکردووە بە سپۆنسەری دامەزراوەی کەریمی ئەلەکەو بەرێز (د. تەها رەسوڵ) کە ژمارەیەك بابەتی بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لە خۆگرتووەو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە تابلۆکانی کە هەموو پێکەوە دنیایەکیان درووست کردووە کە ناوی دنیای هونەری کامەران کارگەچی-ە









# بیرەوەری

دووەم/ پەیوەست بون بە بریارەوە
ساڵ / 1983
شوێن / خەتێ.
نانی نیوەڕۆمان خواردبوو.
لەگەڵ شەهیدا ئازاد هەورامی و کاک قادر حاجی علی و کۆمەڵێک برادەر خەریکی قسە بووین.
برادەرێک پێی وتم کە کاک  نەوشیروان بانگت دەکات.
خۆم گەیاندێ و ووتم، فەرموو چێت دەوێت .
ووتی: (بەڵکو ڕۆژ ژمێرەکەتم بدەیتێ تا ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو یاداشتکەم ).
ووتم: ببورە تایبەتە بە خۆم.
بە پێکەنینێکەوە ووتی دە باشە دانیشە،  بەس ڕۆژەکان لەکوێ بووین ئەوەم پێ بڵێ، هێشتا تەواو نەببوین، برادەرێک سڵاوی کرد و ووتی فەرموو بانگت کردبووم .
یەکسەر کەوتە سەرزەنشتکردنی و ووتی، دەبێ بڕیار وەک خۆی جێبەجێبکەین، ئەمە شۆڕشە و حەزی کەسێتی بوونی نییە.
ئەویش بەرگری لە خۆی دەکرد، دیار بوو کێشەیەک ڕوویدا بوو، دواتر تێگەشتم چییە، پێم خۆش نەبوو لەوە زیاتر بمێنمەوە، چونکە برادەرەکە قارەمانێکی زۆر ناودار و ئازا و دڵسۆز بوو وە بۆ من شییاو نەبوو لە ڕووی ئاکاریی پێشمەرگایەتییەوە لە کاتی لێپرسیینەوە لە هەر کەسێکمان ، ئەوانی دیکەمان چاو لەسەری ڕووداوەکە بن.
دیارە ئەم هەڵوێستەی کاک نەوشیروان پیشاندانی ئەو گیانی بەرپرسییارێتییەیە کە لەو کەسایەتییەدا هەیە بۆ نووسینەوەی ڕووداوەکان و جێبەجێکردنی ئەرک و بەرپرسییارێتییەکان وەک ئەوەی کە دەبێت هەبێت نەک وەک ئەوەی کە خۆسەریی دەستییان بۆ ببرێت و ئەنجام بدرێن.
چاوەروانی زنجیرەی سییەم بن .
نەورۆز زڕگوێزی .




سێیەم /
لەبارەی ناسینی کەسایەتیەکانەوە
ساڵی 1984
شوێن: سورداش:
لە گەڵ شەهید ئازاد هەورامی هاتنە دەرەوە کە بەسەردانێک چوبوە دەزگای ڕۆشینبیری کۆمەلە، لە حەوشەکە قسەیان دەکرد، منیش خەریکی گفتوگۆ بووم لەگەڵ ( کەسێک ) کە خۆی بە هونەرمەندێکی گەورە دەزانی، تا کاتێکی بۆ ڕێک خەم لەگەڵ کاکە نەوە یەک ببینن .
چومە لای پێش ئەوەی من قسە بکەم.
پرسی: ئەوە کێیە؟
پێم وت: فڵان کەسە .
کەمێ تێی راما...
ووتی: چۆن دەیبینیت؟
ووتم / لەوە ناچێت کەسێکی شایستە و باش بێت،
خۆی بە کەسێکی زل دەزانێت.
ڕوی کردە شەهید ئازاد و ووتی: وەڵا منیش وای دەبینم، مادام وایە بڵێ: کاتم نییە بۆ بینینی.
بە داخەوە دوای ماوەیەک دەرچوو کە خاوەن کەسایەتییەکی کەمە، کەسێکی خۆویست و مادیی بوو.
ئەم ناسینە پێش وەختەی بۆ کەسایەتییەکان، یەک لەو خەسڵەتانەبوو کە لەو پیاوەدا بوونی هەبوو، ئەمەش بۆ ژیریی و دوور بینی ئەو دەگەڕایەوە لەو کایەیەداو تواناى ئەوەی پێ بەخشیی بوو، کە خۆی لەو جۆرە کەسانە بپارێزێت و کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی خراپیان نەبێت لەسەر هەم خۆیی و هەم دەوروبەریشی.
ئەمە نمونەیەکە، دەیان نمونەی ترم بینیوە ، کە دواتر بۆمان دەرکەوتووە کە پێشبینیەکانی ڕاستن.
بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی تر دەتوانن لە هەردوو واڵەکە سوود وەربگرن .
وێنەکە :
کانی توو ١٩٨٤ کاک نەوشیروان و بەندە .
نەورۆز زڕگوێزی .



# کێ بوون هەڵۆکانی گەرمیان مامەڕیشە و ئەردەڵان

ئەمە وێردی سەر زاری دانیشتوانی شاری شەهیدان بوو (چەمچەمال ٣٠ساڵ لەمەو بەرو لەم ڕۆژەدا لەئێوارەی (١٩٩٢/٥/٥) هەڵۆیەکی بەرزە فڕی نزمە مژی بەندەری سپی حەسار بوە کۆچی قوربانی بۆ گەلەکەی ئەویش شەهیدی باڵا بەرزی (ی.ن.ک) محمود علی نادر ناسراو بە (ئەردەلان) ە لەسالی ١٩٦٢ لەدوو توێی دیوارێکی قوڕی حەمامە کۆنەکەی چەمچەماڵ چاوی بە ژیان هەڵهێناوە خوێندنی سەرەتای و ناوەندی لە چەمچەمال تەواو کردوە بۆ درێژە پێدانی خوێندن دەچێتە ئامادەی پیشەسازی سلیمانی هەر هەمان سال (١٩٨٠) ئاوێتەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەبێت و پەیوەندی دەکات بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە چەندین چالاکی لەناو شاردا ئەنجام دەدات تا سالی ١٩٨١لەسەر داوای شۆڕش خەباتی شارو شاخ گرێ دەدات و پەیوەندی دەکات بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان و خۆی لە هەرێمی٥ ی قەرەداغ دەبینێتەوە تاتەشکیلەی تیپ و کەرتەکان ڕەوانەی کەرتی٣ی تیپی٥٧ سەگرمە دەکرێت لەسالی ١٩٨٢ دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە و هەر هەمان ساڵ لەگەڵ هەڤالەکانی بەشداری شەڕی ئاڵوەتان دەکات کە بەهێز ی پشتیوان ناسرابوون لەهەمان شوێن چاوی چەپی دەکاتە قوربانی کوردستانی گەورە لەسالی ١٩٨٣ دەکرێتە حاکمی ناوچەکەو دەبێت سەرپەرشتیاری کاروباری کۆمەڵایەتی ناوچەکە لەسەر دەستی شەهید دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی ناوچەکە چارەسەر دەکات وە سەرپەرشتیارو بەشداری سەرجەم شەڕەکانی ناوچەکەی کردوە جادەی چەمچەمال سەنگاو شایەتی دەری قارەمانیتی شەهیدن کەببوە ڕێگای مەرگ بۆ دوژمنان وە بەشداری شەرەکانی سەرکردایەتی شەری سێ مانگەی قەیوان ماوەت ی کردوە لەژیانی پێشمەرگایەتیدا ٨ جار مەرگ یەخەی گرتوە و کۆڵی بەمەرگ داوە تاسالی ١٩٨٧ دەکرێتە جێگری فەرماندەی کەرتی٣ ت٥٧ سەگرمە تا شالاوی بەدناوی ئەنفال لەسالی ١٩٨٨ دەکرێتە فەرماندەی کەرت و سەرپەرشتیاری ڕەتڵی پارتیزانەکانی ناوچەکە تا ڕاپەڕینی بەهاری١٩٩١ دەبێتە داینەمۆی ڕاپەرینی چەمچەماڵ پاشان ڕزگارکردنی ناحیەی قەرەهەنجیر لەوێیش بریندار دەبێت بەبرینی سەختەوە بەشداری ڕزگارکردنی قودسی کوردستان دەکات و لە فەیلەق بریندار دەبێتەوە یەکەم بەتالیۆن بەناوی بەتالیۆنی ٣ی چەمچەمال شەهید دەکرێتە فەرماندەی بەتالیۆنەکە و دەکرێتە سەرپەرشتیاری ئەمنی بەرەی کوردستانی لە شارەکەدا بەلام ئەفسوس لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکدا بەپیلانی دووسەرە ی دوژمن و کەوا سورانی بەر لەشکری بێگانە لە ئێوارەی ١٩٩٢/٥/٥دەچێتە کاروانی پڕ سەروەری شەهیدانەوە درود بۆ گیانی پاکی شەهید ئەردەڵان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان

**عەبدوڵا سەنگاوی**



## شەهید نەمرە وەکو شاخ

وەکو بەفر، وەکو درەخت
وەکو بەهار و گوڵەباخ
شەهید ئاوە
تینوێتی زەوی ئەشکێنێ
پەنجە و دەستە
ئازاری خاک ڕائەژەنێ
سۆمای چاوە
کام دوارۆژ دوورە ئەیبینێ
شەهید باڵای بە قەد باڵای کوردستانە
دڵی ئازادی و بەیداخی
لووتکەی هەڵوێستی ئینسانە!

**شێرکۆ بێکەس**






# هەورازی سەخترمان لەپێشە

پێشمەرگایەتی کوڕی خۆی ئەویست ئەبو لە ڕوی ژنەتیکەوە کامڵ بیت یاخود توانای جەسەدیت فول بێت چونکە دەبوو تەواو بەمانای وشە خاوەن بیرو باوەڕبیت ئەوکات دەتوانی باری قورس پەیامی پێشمەرگایەتی هەڵگری بەتاییەت لە شۆڕشی نوێ دا هەرۆژێک بەفرو کرێوە بوایە شەوەکەی تاریک و ئەنگوستە چاوبێت ئەنجا دەیان وت شەو شەوی پێشمەرگەیە هەرچەند بەشێک لەژنانی ئەو کات هەمان ئەو تواناو ئەنرژیە یان تێدابوو شان بەشانی براکانیان دەجەنگان دژی زوڵم و ستەمی بەعس.......

لە ساڵی (١٩٧٨)دا، لەناو چەم و دارەکانی خوار گوندی پێمواب یان گوندی "نەوت"ی بوو یان "شیوی قازی" لەناوچەی قەرەداغ کە چووبووین بۆ پشودان، شەهید سیروان تاڵەبانی کە فەرماندەی هەرێمەکەمان بوو هەرێمی پێنجی قەرەداغ، دوو پێشمەرگەی نارد کە بچن لەو گوندانە مەڕێ بکڕن، چونکە ڕۆژی جەژن بوو کاتێك مەڕەکەیان هێناو کەوڵیان کردو پێشمەرگەکان دەستیانکرد بەگۆشت برژاندن لەپاش کەمێك برادەرێك کە خەڵکی گوندەکانی ئەو دەوروبەرەبوو هاتە ناومان و سەلامی کرد، کاك سیروان لێی پرسی:

"خێرە ڕێت کەوتۆتە ئەم شوێنە؟"

لەوەڵامدا وتی:

"هاتوم لای ئێوە بیم بەپێشمەرگە"

کاك سیروانیش پێیووت:

"بەخێربێی"

پاشان ڕوویکردە هەموان و وتی:

"بەشی ئەم برایەش دانێن"

ئیتر ئەویش دەستیکرد بەشیش لێدان و گۆشت خواردن هاتەلای منەوەو وتی:

"تۆ تەماتەت زۆرلایە لای تۆوە دائەنیشم"

دەستیکرد بەگۆشت خواردن، بڕوابکەن ئەمەندەی خوارد مڕبووبوو پاشان دەستیکرد بەگۆرانی وتن و بەند لەسەربەند دەیووت! جارجار ڕووی دەکردە من بەگۆرانییەوە ئەیوت:

"بەخوا ئەگەر ئەمزانی پێشمەرگایەتی ئەمەندە خۆشە ساڵێ پێش ئێستا دەبووم بەپێشمەرگە"

منیش لەدڵی خۆما ئەموت ئەم داماوە نازانێ لەدوای خواردن چی بەسەردێ پاش ئەوەی حەواینەوەو تێرمان خوارد هەموو خۆمان بەست و کۆڵەپشت و کەرەسەکانمان پێچایەوەو بەڕێکەوتین ڕێگەمان زۆر سەخت و دووربوو ئەو برادەرەش گولەی ئاربیجییەکەیان دابوو بەکۆڵیا گەیشتینە یەکەم هەوراز ئەو لەدوای منەوەبوو شەتەك بووبوو ئەو هەورازە تۆڵەی ئەو خواردنەی لێکردەوە کە خواردبووی لەتاوا جارجار بەمنی ئەووت:

"زۆری ماوە بگەین"

منیش پێمدەوت:

"هێشتا هەورازی لەمە سەختترمان لەپێشە"

جارجار پێیدەوتم:

"بەخوا پێشمەرگایەتی زۆر قورسە بەکوڕی خۆی نەبێ بەهەموو کەس ناکرێ"

بەڵام لەکاتی گۆشت خواردنەکەدا ئەیوت بەڕاستی پێشمەرگایەتی زۆرخۆشە، پێیووتم:

"ئەگەر گەیشتینەجێ بەکاك سیروان ئەڵێم بەشکم ئیزنم بدات بڕۆمەوە پێشمەرگایەتیم پێناکرێ"

کاتێك گەیشتینە شوێنی مەبەست بەکاك سیروانی وت:

"کاك سیروان بەڕاستی ئەمەی ئێوە بەمن ناکرێ من هەڵەیەك بوو کردم جارێکیتر گوو ئەخۆم هەڵەی وابکەم بەشەرتێ ئیزنم بدەی ئەو هەورازە هێزی لەبەربڕیم"

ئەوەندەی بەکاك سیروان وت هەورازەکەی زۆر سەختبوو، کاك سیروانیش پێیوت:

"بڕۆ باوکم پارەی هەورازەکەمان لێمەسەنە ئێمەش پارەی گۆشتەکەت لێ ناسەنین".

وێنە: لای ڕاست : هیوا چاوشین ، لای چەپ : شەهید سیروان تاڵەبانی

هیوا چاوشین

#ڕووداوە_مێژووییەکان

#چیرۆکەکانی_شاخ... عبدالله سەنگاوی




ڕێی خەباتمان چەندە سەخت و دوور بێت
با چوار دەورمان کڵپەی ئاگر بێت
لەم ڕێ پیرۆزە هەرگیز لانادەین
ئێمە بۆ مردنیش ئامادەین
بۆ دنیایەکی نوێ بۆ هەژاران
بۆ دانانی کۆمەڵگای یەکسان
ڕای زۆرداری لە ڕیشە دەردێنین
تۆوی ئازادی گەلمان ئەچێنین
بە ڕابەری چینی کرێکاران
ئەڕۆین، ئەبڕین ڕێگای تێکۆشان
ئاڵای سووری شۆڕش هەڵ ئەکەین
هەر بە ڕۆژی سەرکەوتن ئەگەین

# لە یادی کودەتای تەموزدا، عێراق وەک پرۆژەیەکی فاشل

ئاراس وەلی

14ی تەموزی ساڵی 1958  سەحل و کوشتن و تیرۆر و پلانگێڕان، وردە وردە بوو بە کەلتوری عێراقیەکان.

عێراقێک وەک نمونەی پۆڵپۆت  کە لە حەوت ملیۆن ئینسانی وڵاتەکەی یەک ملیۆن هاوڵاتی خۆی کوشت. عێراقیش تا ئێستا  ئاماتۆرانە لاسایی پۆڵپۆت و ستالین و هیتلەر دەکاتەوە، لە شێوازی کوشتن و خاپورکردنی ماڵ و زێدی هاوڵاتیەکانیدا.

لەمێژوی تازەی عێراقدا(1958-2022) جگە لە کودەتای سەربازی و شەڕ و وێرانکاری و تەسفیەتی جەسەدی کوتلە و نەیارەکان لەگەڵ یەکدا، شتێک یا دەسکەوتێکی مەزن لەبەرژەوەندی خەڵکی عێراق نابینیت.

عێراق لەماوەی شەستوچوارساڵی تەمەنی کۆماری خۆیدا ، هەرگیز نەیتوانیوە چەمکی هاوڵاتیبوون  بچەسپێنێ. هەرگیز نەیتوانیووە خۆشگوزەرانی و ئارامی بۆ خەڵکی عێراق فەراهەم بکات. بە پێچەوانەوە لەماوەی نیو سەدە زیاتر ڕۆحیەتی تائیفی و مەزهەبی زیندوو کردۆتەوە.

لەم شەستوچوار ساڵەدا کورد و عارەب، سونی و شیعە، تورکمان و کورد، کورد و کورد، عارەب و هەموو ئەوانی دیکەی کردە دوژمن بەیەک.

عێراق کە بە وڵاتی وادی ڕافیدەین(وڵاتی نێوان دوو ڕوبار) لە مێژودا ناسرابوو، لەم مێژوە تازەیەدا بووە وڵاتی جەهل و هەژاری، عێراق لە وڵاتی نێوان دوو ڕوبارەوە ئێستا لە  لێواری  بوون بە بیاباندایە.

عێراق وەک پرۆژەیەکی فاشیل و سەرنەکەوتوو، تەنها ڕێگای دەربازبوونی لەو فەشەل و دواکەوتوییە، پێویستە هەڵبوەشێتەوە و، ببێت بە چەندین دەوڵەتی بچوکی بەهێز. ئەم دەوڵەتە بچوکانە چ کورد و چ سونە و چ شیعە. دەتوانن هاوکار و تەواوکار و پشتیوانی یەکتر بن، بۆ ئامانج و بەرژەوەندی هاوبەش.
عێراقێکی دەوڵەمەند بۆ هەموو پێکهاتەکان کاتێک دروست دەبێت، کە هەموو هێزە سیاسی و دینی و مەرجەعیەتەکان بەزمانێکی لۆژیک و واقیعی قسە لەگەڵ یەکدا بکەن.
نەک هەر تەرەفە لەبری دیالۆگێکی  لۆژیکی و واقیعی،  بە ویست و ئەجێندای ئەم و ئەووەوە قسە لەسەر یەک بکەن ، ئەگەر ئەو دیالۆگە لۆژیکییە واقیعییە ڕوو نەدات، حەتمەن  دەیان ساڵی تر عێراق و عێراقیەکان لە زەلکاوی جەهل و  شەڕ و  فیتنە و دواکەوتویی و هەژاریدا نوقم دەبن..!
ئیعتراف کردن بە فەشەلبوونی پرۆژەی عێراق، هەنگاوی یەکەمە بەرەو  ئامانجی جیابونەوە و دابەشبوونی ئەم کیانە نەزۆکەی عێراق.

جیابوونەوە لە عێراق  کاتێک دەبێتە واقیع کە هەموو یا زوربەی هێزە سیاسییە کوردیەکان ئەو تێگەیشتنە وەک دروشمی سەرەکی بکەنە بەرنامە و  ئامانجی سەرەکی خۆیان.

ئەو پرسە بکرێتە گفتوگۆ و دیسکۆرسی سیاسی هەموو هێزە سیاسیەکان لەگەڵ هێزە سیاسییە عەرەبە سونی و شیعییە عێراقیەکاندا.

تەسلیمبوون بە پرۆژەی فاشیلی عێراقیبوون، یان یاخیبوون لەو ئینیتمایە و خەباتی بەردەوام بۆ جیابوونەوە و دروستکردنی کیانی خود. تەنها دوو بژاردەیە لەبەردەماندا، چ لە ئێستا و چ لە مێژوی دروستبوونی عێراق و چ لە ئائیندەی عێراقدا.
ئایندە و دوارۆژی عێراق جگە لە کەرتبوون و لێکترازان هیچ ڕێگا چارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە.
کوردی عێراق لە هەموو عێراقیەکان زیاتر هەست و موعاناتیان لەگەڵ ئەم لۆژیکەدا هەیە، ئەگەر سیاسەت و بەرژەوەندی ئیقلیمی و نێو دەوڵەتی بوار بدات، ڕەنگە بە ڕاپرسیەک ئەم عێراقە و پێکهاتەکانی بێ قرە و برە لێکجیاببنەوە و ببنە دراوسێی زۆر باش و بەسود بۆ یەکتر.




## ئەحمەد حەسەن بەکر: میز دەکەم بە کورسی سەرۆکدا نهێنیەکی پەیوەندی نێوان ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حسێن ئاشکرا دەبێت

حامد ئەلجبوری لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی، پەیوەندی نێوان ئەحمەد حسەن بەکر سەرۆکی کۆماری ساڵی حەفتاکانی عێراق و سەدام حسێنی جێگری ئاشکرا دەکات، ئەو کەسایەتیە عێراقییە کە وەزیربووە، دەڵێت" بەکر داردەستێکی لاوازی دەستی سەدام حسێن بووە".


حامد ئەلجەبوری دەڵێت" رۆژێک بەکر کەسایەتی بەتەواوی دارمابوو دەگریاو بە ئاشکرا وتی" میز دەکەم بە کورسی سەرۆکدا کە نەتوانێت کەسایەتیت بپارێزێت".
جەبوری دەڵێت" ئەحمەد حەسەن بەکر پەنجەی دەگەزت و دەیوت: من هەڵیان خەڵەتانم و بەزۆر هێنرامە نێو حیزبی بەعسەوە، بەزۆریش کرام بە سەرۆک، هیچ دەسەلآتێکم نییە، نە من دەتوان دەستلەکاربکێشمەوە نە تۆ".
ناوبراو ئەوە ئاشکرا دەکات کە بەکر پێیوتووە" هەموومان کۆیلەین لای سەدام" . ( ئەو دەمە کە ساڵی ١٩٧٤ سەدام جێگری سەرۆکی و ئەنجومەنی باڵآی شۆڕش بووە ).

لە سپی میدیا وەرگیراوە



# نووسین بۆ منداڵان

## نووسینی: ڕۆستەم خامۆش



نووسین بۆ منداڵان، لەلایەن شاعیران و نووسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵانەوە، هەتا بڵێی کارێکی زۆر چاک و پێویست و بەجێیە، شایانی ستایش و بە هەند وەرگرتن و بە گرنگ تەماشا کردنە، بەڵام دەبێ ئەوەش باش بزانین کە ئەمانەتێکی زۆر قورس و گەورەشە، کە دەکەوێتە سەرشانی کەسانی قەڵەم بەدەستی ئەو بوارەوە، وە یەکێکە لەو کارە سەخت و دژوارانەی کە سەرکەوتن تێیدا هێندە ئاسان نییە و ئیشێکی زۆر زەحمەتیشە، وە بۆ گەیشتن بە ترۆپکی سەرکەوتن لەو بوارەدا، بێگومان هەوڵ و ماندوو بوون و تێکۆشانێکی زۆر و بێوچانی دەوێ، لە بەر ئەوەی پێویستی بە لێزانی و شارەزاییەکی باش هەیە بۆ ناسینی قۆناغەکانی گەشەکردنی مندال، وە زۆر گرنگە زانین و تێگەیشتن لە زانستەکانی: (منداڵناسی بەگشتی، دەروونناسی، پەروەردەیی)، بۆیە کارێکی هەر وا ئاسان نیە، مادام نووسینەکە بۆ منداڵە، دەبێ زۆر (وریا و هۆشیارانەتر، لێزانانەتر، زانستیانەتر، جوان و ناسکتر، واتادار و مانادارتر، پەیامدارتر... هتد)بێ، وە ئەوانەی دەستیان پێنووسی گرتووە هەتا بۆ منداڵان بنووسن و ئەو توێژە گرنگەی کۆمەڵگە بەسەر بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش بەپێی مافی ڕەوای خۆیان خزمەت بکرێن لەلایەن قەڵەمی شاعیران و نووسەرانەوە، وە دەبێ پێ بزانرێ، کە ئەو قەڵەمانەی بۆ ئەو توێژە بەنرخ و گرنگ و پڕ بایەخەی کۆمەڵگە کەوتوونەتە کار و لە چاوەڕوانی ئاسۆی گەشی سبەینێ دان، بێشک دەبێ بە چاوی پڕ لە ئەوین و خۆشەویستییەوە تەماشایان بکرێ و ڕێز لە قەڵەمەکەیان بگیرێ، بۆ ئەوەی بەردەوام بن و گەرم و گوڕتر بنووسن، تا جوان و باشتر بنووسن، وە یارمەتی و هاوکاری بکرێن بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان بۆ چاپ بکرێ، تا دیدەی گەشی منداڵانیان پێ ڕۆشەن بێتەوەو سوود و چێژی لێ وەر بگرن، وە بەڕاستی دەبێ نووسەرانی ئەو بوارەش زیاتر و زۆرتر بخوێننەوە لە بوارەکانی: (ئەدەبیات بەگشتی و دەروونناسی و پەروەردەی منداڵاندا)، وە لە زۆر بواری دیکەش خۆیان شارەزا بکەن، بەڵکو ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیرییان بەهێزتر و فراوانتر و باشتر بێ، وە خۆیان بە دوور بگرن لە وشەی سواو و جوینەوەی نووسینی پێش خۆیان و دووبارە کردنەوەی وێنەکانی پێشووتر، بە جدی هەوڵی نوێگەریی بدەن و زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و تێبکۆشن بۆ داهێنان و نووسینی جوان و ناوازەتر لە بواری ئەدەبیاتی منداڵاندا، بۆ ئەوەی ئێمەی کوردیش بەرەو پێشتر بچین لەو بوارە گرنگەدا، کە ئەویش ئەدەبیاتی منداڵانە، هەر چەندە هەنگاوی باشی ناوە لە سایەی پێنووسی دڵسۆزان، بەڵام پێویستە بە هەوڵی خەمخۆرانەی زیاتری قەڵەم بەدەستانی ئەو بوارەو لایەنی پەیوەندیدار بەو بابەتەوە، ئەو ئەدەبیاتە بگەیەنرێتە لوتکە، تا ئێمەش شانازیی بەخۆمان بکەین و بڵێین: ئەوە ئەدەبیاتی منداڵانی کوردەو هیچی کەمتر نیە لە هی گەل و وڵاتانی دیکە، شاعیران و نووسەرانمان بەقەڵەمەکانیان بۆ خەمی ئایندەی نەوەکان و کۆمەڵگەیەکی باشتر دەنووسن و دەڕوانن و تێدەکۆشن،

وە دەبێ بۆ هەموو نووسینێکی کە باشیان پێکاوەو ڕێک و ڕاست بۆ منداڵیان نووسیوە، وەک: (شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێت و دەقی شانۆیی... هتد)، کە چەند ژانرێکن لە بواری ئەدەبیاتی منداڵاندا، دەبێ سوپاس و دەستخۆشییان لێبکرێ، بۆ؟ چونکە ئەگەر نووسینەکانی ئەوان سوودبەخش و باش و پەروەردەیی بوون، واتە شتێکی چاکیان دەرخواردی مێشک و هزر و خەیاڵی منداڵان داوە، بێشک ئەو منداڵانەی کە ئەمڕۆ بە تەمەن بچووکن و گەورەساڵانی سبەینێ و داهاتوون، کەواتە کەسانێک زۆر بەجوانی: ( ڕاهێنراو، پەروەردەکراو، فێرکراو، دەروونندروست، متمانە بەخۆ، باوەڕ بەهێز... هتد)، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبنە کەسی پاک و ڕاستگۆ و دڵسۆز بۆ گەل و نیشتمانەکەیان و بە شانازییەوە خزمەتیان دەکەن، وە ئەگەر هەندێ لە نووسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان، بەپێی کەم ئەزموونییانەوە، نەیان توانی وەک پێویست، جوان و باش بنووسن بۆ منداڵان، ئەوا ڕەخنەیان لێدەگیرێ و خاڵی لاوازی نووسینیان دەست نیشان دەکرێ لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزای ئەو بوارەوە، کە ڕەخنەشیان لێگیرا، یان ڕێنمایی کران بۆ ئەوەی پێیان بگوترێ، لێرەدا هەڵەتان کردووەو نەتان توانیوە وەک پێویست و شارەزایانە بچنە نێو ناخی منداڵانەوە و جوان و باشیان بۆ بنووسن، دەبێ بەدڵێکی گەورەوە وەری بگرن و زۆر لایان ئاسایی بێ و دڵیان هەر وەکو دڵی منداڵان پاک و جوان بێ و هەرگیز ڕق و کینە لەڕەخنەی ڕەخنەگر هەڵنەگرن، چونکە ڕەخنەگری ڕۆشنبیر و بێ لایەن و بە ویژدان، هەمیشە دەستبار لەگەڵ نووسەردا دەگرێ و ناهێڵێ خوار ڕێ بکاو بکەوێ.

پۆل
جانتا هەڵیئەگرم بەشان
بەرەو ڕوناکی ژیان
لە ماڵی دونیا خۆشتر
قوتابخانەم هیچی تر
پۆلەکەم لا شرینە
کتێب بۆ من ئەوینە
پێنوس ئەگرم بە پەنجە
مایەی خوێندن و ڕەنجە
فێری ژیانم ئەکات
تاریکیم لێ لا ئەبات
ئەمبا بەرەو ئاسمان
ئەفڕم بە عیلم و عیرفان
ئەگەر بەڕاستی بڕۆم
هەمو کات غەمی بخۆم
ئەبمە چرای شەوی تار
لە سەر جادەو کوچەی شار..
(سرمد کریمات،)

# شەماڵ صائب 1931 - 1986











ئەوکەسەی عاشقی موزیك و هونەر بوو ، پسپۆڕیشی لەمێژوودا هەبوو مامۆستای زانکۆ بوو موزیك ژەن. بوو گۆرانی بێژ بوو ، هێندە عاشقی گۆرانیەکانی فەرید ئەترەشی میسری بوو خۆی فێری ئامێری عود کرد ، هێندە دژایەتی کرا لەلایەن. هاوڕێ و هاوپیشەکانی بڕیاری دا نەگەڕێتەوە بۆ سەردانی شاری باوك و باپیری، ئەمیش وەك نالی و مەولانا خالید بەدڵ شکاوی کۆچی دوایی کرد
هێندەش نیشتیمان پەروەر بوو یەکەم کەس بوو لەسەر خەرجی گیرفانی خۆی سرودی ئەی ڕەقیبی تۆمار کرد لەسەر قەوان و دابەشی کرد بەسەر شارە کوردیەکان یەکەم هونەرمەندی کورد بوو کەداهێنانی کرد گۆرانی لەدەرەوەی ستودیۆ تۆمار کرد بەشێوەی کلیپ.
شەماڵ جەلال صائب
لەنەنکی وە سەر بەخانەوادەی هەمزەئاغای مەسرەفە باپیری پیرەمێرد ، لەباپیری وە سەر بەخانەوادەی سائیبەکانە

شەماڵ سائیب لە ساڵی ١٩٣١ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. بەهۆی ئەوەی باوکی قایمقام بووە ، و لە زۆر لە قەزا و کاروفرمانی دیوە، بۆیە شەماڵ لە منداڵییەوە لەگەڵێک شار و شارۆچکەی کوردستاندا ژیاوەو چاوی کراوەتەوە و دوای تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی، چووەتە کۆلیژی مەلیک فەیسەڵ لە بەغدا کە قوتابخانەیەکی دواناوەندیی بوو و بەزمانی ئینگلیزی وانەی تێدا دەخوێندراو تەنیا قوتابییە یەکەمەکانی شارەکانی عێراقی وەردەگرت.

دوای تەواوکردنی قۆناغی خوێندنەکەی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەرگیراوە و لە ١٩٥١، کۆلیژی ئاداب بەشی مێژوو لە زانستگای بەغدا وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٥٦ ز دا خوێندنی زانکۆی تەواوکردووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە مێژوو وەرگرتووە و کراوە بە مامۆستا لە دوا ناوەندی ئەعزەمییەی کوڕان و لە ساڵی ١٩٥٩ ز دا بووەتە مامۆستای بابەتی ڕۆشنبیریی مۆسیقا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا.

لە دوا ی ساڵی ١٩٦٣، چووەتە ئەمریکا بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵاو بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبدا وەرگرتووە و کە گەڕاوەتەوە کوردستان. لە ساڵی ١٩٧١، دا لە زانکۆی سلێمانی کراوە بە مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلێژی ئاداب و کە ئەو زانستگایە گوێزرایەوە بۆ هەولێر و کراو بە زانکۆی سەلاحەددین ئەمیش گوێزاوەتەوە بۆ ئەو زانستگایە تاکو کۆچی دوایی کردووە.

لە ٨ی تەمموزی ١٩٨٦ دا شەماڵ سائیب لە ئەنجامی نەخۆشییەکی درێژخایەن لە هەولێر کۆچی دواییکرد و تەرمەکەی برایەوە سلێمانی و لە گردی سەیوان نێژرا

بەشێك لەکارە هونەرییەکانی

شەماڵ سائیب لە سەردەمی منداڵییەوە فێری عود ژەنین بووە و لە سەرەتای ژیانی هونەریدا لاسای مۆسیقازان و گۆرانیبێژی میسری فەرید ئەترەشی کردووەتەوە، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووش بووەتە خاوەنی هونەرو دەنگی تایبەتی خۆی و ئاوازی نوێی بۆ گەلی گۆرانی تازە داناوەو گوتوونی و سوودێکی زۆری لە شیعرو ئاوازی فۆلکلۆری کوردیش وەرگرتووە.

شەماڵ سائیب لە ساڵی ١٩٥٦، وەک دەنگێکی نوێ و هونەرمەندێی نوێکار هاتووەتە گۆڕەپانی ئاواز و گۆرانی کوردی و گەلێک گۆرانی کوردی و گەلێک گۆرانی سەرکەوتووی وەک شوانە هۆ شوانە و بەردە بەردە و هاتی بۆ هاتی و هاتم هاتم و هەرە لەیلێ و جوان ئێمە جوانین
زۆر جاریش لەسەر نوێکاری لەهونەردا دڵی لەلایەن هاوپیشەکانی شکێنراوە ڕکابەری کراوە دژی وەستاون تەنانەت هێندە دڵی دەشکێنرێت لەلایەن هاوڕێکانی بڕیار دەدات سەردانی شاری باوك و باپیری و زێدی خۆی نەکات کەئەمەش بووە هۆی خەفەت و ئازاردانی ڕۆحی خوالێخۆشبوو
گرافیك و نووسینی : ئامانج مەسرەف
سەرچاوە: کتێبی شەماڵ سائیب - ژیان. و هونەر
**نووسینی ئەحمەد سالار و ژیمۆ شەماڵ**

# داهۆڵی نێو مەزراکەین ,یاپەیکەری ئازادی گۆڕەپانەکە ..!


گەر سەدساڵی ڕابوردوی کورد بگرین,لەخەباتی بەدەستهێنانی مافی پێشێلکراوو خاکی دەست بەسەردا گیراویدا ,گەر پێوانەی
قوربانی و خوێن و ماڵ وێرانی بکەین ,گەر بەراوردی هەق و نا هەقی بکەین بۆ ئەو شەڕانەی بەردەرکەی ماڵیان پێ گرتووە ئەو ئەو پرسیارە درووست دەبێ ئایا ئێمە داهۆڵێکین لەناو مەزرای
بەرژەوەندی ئەوانی دیدا کوێیان بوێت دامان دەکوتن, یاخود خۆمان خەونێکمان هەیەو دەمانەوێ لەگۆڕەپانەکە ببینە پەیکەری ئازادی ...!
گەر بە مێژووی هەق داری خەباتی و ناهەقی شەڕ پێفرۆشتنیدا ڕۆ دەچی هەمیشە قوربانی زۆرو سەرکەوتن کەمێك تائاستی نەبوون !
گەر بە ویژدانێکی ئاسودەوە بدوێین ناتوانرێت لۆمەی خوێن و قوربانی بکرێت کە لە ئاستی پرسەکەدا نەبووە(کەدەیان جار ێاستی تاوانیشی تێپەڕاندووە)... کەواتە دەبێ هەڵوەستە لەسەر
دیدە ئایدیایی و ڕابەریەکان بکەین, بەعەقڵی سەر بیر بفکرین نەك بەسۆزی دڵ لەهەوڵی گۆڕین و ڕێکخستنیدا بین بە دیدی
بەرژەوەندی نەتەوەیی نەك ناوچەیی, بەدیدی تاکتیکی ساتە وەختی لەپێناو ستراتیجی درێژ مەودای نەتەوەیی تائەو شوێنە دەگونجێ و بڕ دەکاو نابێ بەزیان و ماڵ وێرانی ...هەمیشە لەم بوارەدا هەڵوێستمان لە کورتی داوە ,بوینەتەوە بە قوربانی ئەو
دیدو بۆچونانەی کراونەتە تەڵەو بۆمان نراونەتەوە کەلە ڕاستیدا نامۆش بوون بە کلتوورو مێژوومان کەچی بووینەتە دەروێشی حاڵ لێهاتوو لەشێخ گەرمتر.ئەگەر ئۆباڵەکەی لەملی
خەڵك و میللەت ئاڵێنین ئەوا هەر ئەو بەشە کەمە تاوانێتی کە
ساده بووه لەئاست تێگەیشتن لەوانەی کە پێشڕەوایەتیان کردووە لە ئەرکەکەیدا,سادەبووە لەئاست تێگەیشتنە قووڵەکە لە پرسە نەتەوەیی و زاڵ نە بوونی حرسی نەتەوەیی بەسەر حرسە نیشتیمانی و ئاینی و ئایدیاییەکاندا کە کراونەتە بەری و لە سەرەتاو کۆتایدا کردنی بووە بەداهۆڵی ناو مەرەزەکە..کە
ئەم ئۆباڵەش هەر دەئاڵێتەوە ملی ئەو ڕابەرانەی بە زانینەوە لە داکوتانی داهۆڵەکە ئاگایار بوون ... ئەم ڕێچکەی قوربانی و خەبات و خوێنە بەهەر لایەکدا دابشکێنرێت لە کۆتادا هەموو
دە چێتەوە سەر شاڕێکە کەدەچێتەوە گۆڕەپانەکە,
چونکە خوێن و ڕەنج و قوربانی هی خەڵك و میللەتەو مەبەست وەستانێکە بەشەهامەتەوە لە گۆڕەپانەکە نەك داکوتانێك لەناو مەرەزەکە...!!
شاعیری نیشتیمان پەروەرو لەخەبات بەردەوامی هاوڕێم ساڵح بێچار زۆرجوان ئەم پەیامە دەگەیەنێ و دەڵێ :

کوردستانی پرسە دارم
شەهیدی تۆ دوایی نایە
ئاڵات کاڵای قەد باڵایە
پێناسەکەت
پێشمەرگەیە
شەڕڤانە
گەریلایە

لە کۆتایدا داهۆڵی داکوتراو هەم ڕووتدەکرێتەوە و هەم تووڕ دەدرێت ..!

**هاوڕێ سۆران**
**٢٢/٧/٢٠٢٢**
**سلێمانی**







# لۆزان

لە سەعات 11-ی 11 / 11 / 1918 جەنگی جیهانی یەکەم وەستا .وڵاتانی هاوپەیمان بڕیاریان دا لەسەر بنەمای نەتەوە ، بۆ هەموو گەلانی دنیا وڵاتی سەربەخۆ لە نیشتمانەکەیاندا دروست بکەن .

لە ڕێکەوتن نامەی سایکس بیکۆی 1916و کۆنگرەی ئاشتی 1919و کۆنگرەی سان ریمۆ لە 19-ی مایسی 1920وکۆنگرەی سیڤەر لە 10/ 8/ 1920بە 3 مادە ی (62- 63- 64).گرنگی بە کورد.ونیشتمانەکەی درابوو، بۆ ئەوەی مافی چارەی خۆ نوسینی پێ بدرێت .

دوای ئەو هەموو ڕێکەوتن و کۆنگرانە ،کوردستان دابەش کرا بەسەر یەکێتی سۆڤیەت. وسوریاو تورکیا.

لە 24 / 7 / 1923 لە کۆنگرەی لۆزان ، لە شاری لۆزانی سویسرا لە نێوان(بەریتانیاوفەرەنساوئیتالیاوژاپۆن ویۆنان ورۆمانیا وسبریا وکرواتیا وسلۆنیاوتورکیا)بۆ ناسینی دەوڵەتی نوێی تورکیا بۆ پیا چونەوە بە پەیمانی سیڤەر ، لە بەر بەرژەوەندی دەوڵەتی تورکیای نوێ وبەریتانیاو فەرەنسا ڕێکەوتن نامەی لۆزان ئیمزا کرا .

لە ناو ئەوهۆڵەی لۆزان ، ناوی کوردو نیشتیمانەکەی سڕایەوە ...
لە لۆزانەوە تا ئێستا ، 99ساڵە کورد لە نیشتمانەکەی دا کۆمە ڵ کوژدەکرێت .
لەو سەردەمە وە هەمووشۆڕشەکانی کورد تێکشکاون ، کورد هەر خەریکی خۆخۆری و شەڕی برا کوژی بووە ،زۆربەی لە سەرکردە کانی کورد ، مەقاشی داگیر کەران بوون ،پێش سوپای داگیر کەوتون ،شانازیان بە خیانەت وجاشایەتییەوە کردووە .
مێژوونووس و نوسەرو رۆژنامەنوسە دەربارەکان ، رووداوە مێژوەکانیان بۆ مەبەستێکی تایبەتی وبە چەواشەیی تۆمار کردووە .
ئەو زنجیرە خیانەت و هەڵە مێژووییانە ، کۆمەڵگەی کوردی یان ،زیاتر تێک شکاند ، نیشتمانەکەیان خاپوور تر کردووە .
زۆر لە سەرکردە کوردە کانی کورد، ئەوەندە خاکەکەیان خۆش دەوێ ، کام داگیر کەر ،دەسەڵاتی سێبەرو نۆکەرییان بداتێ ، خاکیان پێ هەراج کردووە .
ئەوە زنجیرە تراژیدیاکانی 99ساڵی مێژوومان بوو لە لۆزانەوە تا ئێستا ، ئەوە ی ئێستا لە نیشتمان دەیبینن تراژیدیایەکی سامناک ترە ، ئایندەشمان وئە .

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود



یادنامەYADNAME

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنی‌یە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبی‌یەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردی‌یەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) بەهاوکاری بەختیار شارەزووری لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703